غالب شابەندەر: کورد لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی شانازی گەورەی تۆمار کردووە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5919) دووشەممە 27ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

کەسایەتیەکی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات داوا لەعێراقییەکان دەکات واز لەخۆپیشاندان و هاتوهاوار و موزایەدە بێنن و وەک کورد ولاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و دەڵێت لە کوردستان سەرکردایەتی و خەڵک و حکوومەت سەرقاڵی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانیانن و لەعێراقیش پێشبڕکێ لەسەر ژمارەی خۆپیشاندەران و ژمارەی شەهیدەکانی خۆپیشاندان دەکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

دۆخی ئەمنیی سنووری کوڵەجۆ جێگیرە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە باس لە ئارامی و سەقامگیریی دۆخی ئەمنیی سنووری شارۆچکەی کوڵەجۆی سەر بە قەزای کفری دەکات و هۆکارەکەشی ڕوون دەکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات

مەسرور بارزانی: قوربانیدانەکانی پێشمەرگە جێی شانازیی خەڵکی کوردستان و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە

پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی و سەردەمیانە پێکهاتەکانی پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە



دوێنێ یەکشەممە 2020/1/26 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە وەزیرانی پێشمەرگە، ناوخۆ و دارایی و ئابووری ئامادە ببوون، پێداگریی لەسەر گرنگیی درێژەدان بە پڕۆسەی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یاسای چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرمانّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان کرایەوە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە پێشمەرگە ناسنامەی گەلی کوردستانە و قوربانیدانەکانی جێی شانازیی خەڵکی کوردستان و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بۆیە هەرچییەک لە توانامانداە بێت بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگەی شایستە و ڕاستەقینە دەکەین. بۆ پێشخستنی هێزی پێشمەرگەش پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی و سەردەمیانە پێکهاتەکانی پێشمەرگە ڕێک بخرێتەوە.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری دەگەیەنێتە کوردانی یەمەن

دوای ئاگادارببوون لە بارودۆخی دانیشتوانی گوندێکی کوردنشین لە وڵاتی یەمەن، دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری خۆراکی گەیاندە دانیشتوانی گوندەکە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری خۆراکی گەیاندە 140 خێزانی کورد لە وڵاتی یەمەن و لەم چالاکییەدا 700 کەس سودمەند بوون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرکردەیەکی سوننەکان:

هەرێمی کوردستان نموونەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، عێراق بە خراپترین دۆخدا تێپەڕ دەبێت و ئەگەر دۆخەکە لەوە زیاتر خراپ بێت، وێران دەبێت، بۆیە پێویستە چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن و سوود لە ئەزموونی هەرێم وەربگرن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عێراق.. بەردەوامی خۆپیشاندان قوربانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە

دوای کشانەوەی لایەنگرانی ڕەوتی سەدر لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان، ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە شارەکانی بەغدا، بابل، بەسرە و کەربەلا چوونە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان. دوێنێ یەکشەممەش گرژی و ئاڵۆزیی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا بەردەوام بوو. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



هۆشیار سیوەیلی: دۆخی عێراق وایکردووە چارەسەری قەیرانەکان دوا بکەوێت

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات، ئەوان لەم دۆخەی لە عێراق هەیە نیگەرانن و پێیانوایە خۆپیشاندانەکان لە ڕێڕەوی خۆیان لایان داوە و دۆخەکە بە ڕادەیەک کە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ژمارەی قوربانییان بوومەلەرزەکەی خارپێت لە بەرزبوونەوە دایە

سەرۆکایەتی ئیدارەی کارەسات و باری لەناکاوی تورکیا ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو هاوواڵتییانەی لە بوومەلەرزەکەی خارپێتی باکووری کوردستاندا گیانیان لەدەستداوە گەیشتوەتە 36 کەس. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



تۆمارکردنی جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەمەریکا

ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە کەنەدا

سەرۆکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ویلایەتی ئۆنتاریۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی کەنەدا، دکتۆر دەیڤد ویلیامس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لەو وڵاتە ڕاگەیاند. لەلایەکی دیکەوە، لە ئەمەریکا، ناوەندەکانی چاودێریکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشی ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەسێکدا دۆزراوەتەوە کە لە شاری ڤوهانی چینەوە هاتووەتە ئەمەریکا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



نرخی مریشکی زیندوو گران دەبێت و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نییە

ماوەماوە نرخی مریشکی زیندوو لە بازارەکانی کوردستان گران دەبێت و زۆرجاریش هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان نابینین، هاوکات ئەو گرانبوونەیش گلەیی و گازاندەی هاوواڵتیان بەدوای خۆی دێنێت و بە وتەی هاونیشتیمانیان بەشێکی زۆری مریشک بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەڕوات، بۆیە نرخەکەی گران دەبێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پێشوازیی لە ئەمنیداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کرد





دوێنێ یەکشەممە 2020/1/26 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەلاحەدین، بەڕێز، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، پێشوازیی لە شاندی بالای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی و د. هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و شاندی یاوەری کرد.

لەو دیدارەدا، کە ئازاد بەرواری و هۆشیار زێباری و مەحموود محەمەد و سەلاح دەلۆ و عزەدین بەرواری و جەعفەر ئیمینکی و ڕەمزی شەعبان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەلی حسێن، بەرپرسی پەیوەندییەکانی نیشتمانی ئامادەی بوون، فازڵ میرانی وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکگرتوو و دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەڕێز سەلاحەدین بەهادین بۆ ئەمینداری گشتی کرد و هیوای خواست کە بڕیتە فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ ئەم جۆرە دیدارانە کە زۆر گرنگە و بەتایبەت لەم کاتەدا کە کورد زۆر پێویستی پێی هەیە و، جەختی لەوە کردەوە کە هەمیشە کارکردن پێکەوە لەپێناو خەباتی سیاسی بۆ بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەبێتە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە ئاکامی یەکڕیزیی نێوانمان و هێزە سیاسییەکان بەدەست هاتوون و زۆر گرنگە بەردەوامی و هەماهەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و بارودۆخی سیاسیی عێراق و دواپێنی پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێ کران و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر ڕەوشی نالەباری عێراق و ئەو هەڕەشە و ئەگەرانەی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییەکان، کە جێگای نیگەرانین و جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە، کە هەموو لایەک هەوڵی جددی بدەن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە هەموو ڕوویەکەوە و زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان فراکسیۆنەکانی کورد بە یەکگرتوویی هەڵوێستیان هەبووە و بە یەکەوە کاریان کردووە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئاماژەی بەوە دا، کە چارەسەری ئەو قەیرانانەی ناوچەکە دووچاری هاتووە، تەنها لە ڕێگای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەپێناو هێنانەدیی ئاشتی و سەقامگیری بۆ بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە دەبێت. دواتر فازڵ میرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای بە گرنگ وەسف کرد و زەروورەتی هەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندیی باشی نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکانی بە زەروور زانی، کە کاوەنانەکە وا دەخوازێت.

لەو دیدارەدا، مامۆستا سەلاحەدین بەهادین، بەناوی شاندەکەوە سوپاسی مەکتەبی سیاسیی پارتیی کرد بۆ ئەم پێشوازییە و هاوڕا بوو لەگەڵ قسەکانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆر گرنگە هەماهەنگی و کاری هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بەردەوام بێت، کە کاودانە هەستیارەکە وا دەخوازێت و دۆخێکی نالەبار و نیگەرانین لە پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکان و گرنگە هەوڵی جددی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدرێت.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2020/1/26 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە ڤینسۆ گیبۆم پۆپۆ بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر کرد. لەدیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە بەرپرسی نوسینگەی یەکێتیی ئەورووپا کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، پاشان پوختەیەکی سەبارەت بە کاری پەرلەمان و فراکسیۆنەکان و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان خستەڕوو و ئاماژەی بەو یاسا گرنگانە کرد کە لەو خولەی پەرلەماندا دەرچووێنەدراون و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 15ی ئاسایی خۆیدا کە ڕۆژی2020/1/16 بەڕێوەچوو یاسای چاکسازیی پەسندکردو بەجێبەجێکردنیشی یەکسانی و دادپەروەری دێتەکایەوەو ئەم چاکسازییەش بەشێکی گرنگ بوو لەو ستراتیژییەتەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ ناوەو چاکسازییەکانیش بەردەوام دەبن وەک چۆن لەکارنامەی کابینەی نۆیەمدا هاتووە لەبواڕەکانی داهات و وەبەرهێنان و نەوت و پەروەردەو خوێندنی باڵاو باج و سەرجەم سێکتەرەکانی دیکەو پەرلەمانی کوردستانیش زەمینەسازیی یاسایی بۆ کارنامەو بەرنامەکان دەکات.

لای خۆیەوە ڤینسۆ گیبۆم پۆپۆ بەرپرسی نوسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەورووپا لەهەولێر وێڕای دەربڕینی سوپاسگوزاریی خۆی بۆ ئەو پێشوازییە، خۆشحاڵیی خۆی بە دەرچووانی یاسای چاکسازی دەربڕی و بەیاسایەکی گرنگی وەسفکرد بۆ هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند: پیرۆزبایی دەرچوونی ئەم یاسایەتان لێدەکەین و هەنگاوێکی زۆر باشتان دەستپێکردووە کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی زۆر کەمە. هەر لە دیدارەکەدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یەکێتیی ئەورووپاو دواپێشهات و ڕۆل و کاریگەریی یەکێتیی ئەورووپا لەهەرێمی کوردستان و عێراق لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان و چەسپاندنی سەقامگیری کرا.

هۆشیار سیوەیلی بۆ «خەبات»:

دۆخی عێراق وایکردووە چارەسەری قەیرانەکان دوا بکەوێت

ئاڕاستەی خۆپێشاندانەکان گرژیی تێکەوتووە و لە ڕێڕەوی خۆی لای داوە

خەبات- تایبەت

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات، ئەوان لەم دۆخەی لە عێراق هەیە نیگەرانن و پێیانوایە خۆپیشاندانەکان لە ڕێڕەوی خۆیان لایان داوە و دۆخەکە بە ڕادەیەکە کە ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی هەیە.



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: لەو دۆخەی کە لە عێراقدا ڕوویداوە، نیگەرانین و ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکان گرژیی تێکەوتووە و لە ڕێڕەوی خۆی لای داوە، لەم ڕۆژانەدا قوربانی زۆر لە نێو خۆپیشاندانەکان دروست بووە و گرژییەکی بەهێز لە عێراق هەیە و ئێمە وەک پارتی لەگەڵ داواکاری و مافی ڕەوای خەڵکین.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕاشیگەیاند: ئێمە لەو تونددێژییانەی کە ڕووددەدەن، نیگەرانین و پێمان وایە داوای ڕەوای خەڵک تێکەڵی ئەجێندای سیاسی دەکرێت و ئەو دۆخەی لە عێراق هاتووەتە ئاراوە، بە خراپی سوودی لێ وەرگیراوە تا ئەو ڕادەیەی عێراق ناچار کرا بەوەی بە بڕیارێکی تاکلایەنە بڕیار لە کشانەوەی هێزی بیانی و هاوپەیمانان بدات، لە کاتێکدا ئەم بڕیارە درا، هەموو عێراق جگە لە مەترسیی داعش و قەیرانی سیاسی، قەیرانی ئابووریش خەریکە وڵات بەرەو وێرانە ببات.

هۆشیار سیوەیلی پێشیوایە کە دۆخی عێراق وایکردووە، چارەسەری قەیرانەکان دوابکەوێت، کە ئەمەش دەرفەت دەداتە دەستێوەردانی دەرەکی، ئەمەش ئەگەری هەیە کە دۆخێک بێنێتە ئاراوە، لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق و کوردستاندا نەبێت.

سیوەیلی ئەوەشی خستەڕوو: هەرێمی کوردستان ئاستی گفتوگۆکانی لەگەڵ کابینەی عادل عەبدولمەهدی بەرەو پێش بردووە، بەڵام ئەو ڕووداوانەی لە عێراق ڕووددەدەن، وایان کردووە جۆرێک لە هەڵپەساردن لە ڕێککەوتنی هەردوولامان هەبێت، هەر دۆخێکی خراپ لە عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە زۆر ئەستەمە هەوڵێرێکی ئارام لەگەڵ بەغدایەکی نائارام مامەڵە بکات.''

ئەو بەرپرسەی پارتی ئەوەشی ئاشکرای کرد کە لە سەرکردایەتیی پارتیدا بەردەوام لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە پەیوەندیدان، بۆ ئەوەی کەسێک وەک سەرۆک وەزیران دابنرێت دۆخەکە چاک بکات و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر هێڵن تا ڕۆڵیان هەبێت و دۆخەکە ئارام بکەنەوە.

سیوەیلی ئەوەشی نەشاردەوە کە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر لەم دۆخەی عێراق نیگەرانن و ئەوەی بۆ ئەوان زۆر گرنگە، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە، بۆیە حەزیان لە هێوربوونەوەی دۆخەکەیە، چونکە داعش خەریکە بەرەو کۆبوونەوە و بەهێزبوونەوە دەچن و هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە گرنگ و ستراتیژییە و ئێستا پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر و گرنگتر بووە، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو سەردان و گفتوگۆیانەیە لە نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستاندا هەیە و کوردستان دەتوانێت لە ناوچەکەدا ڕۆڵ ببینێت و ئەگەر عێراقیش بەرەو نارامیی زیاتر و تەقاندنەوە چوو، هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوەندی بەهێزی ئارامیی ناوچەکە".

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی وایە: پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا گرنگ و ستراتیژین و ڕۆڵی ئەمەریکا لە 1991 و 2003ـەوە دەرکەوتووە و گرنگە و ئێرانیش ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژییە، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە هاوسەنگی بپارێزن و بە فەرمی کاک نێچیرڤان بانگهێشتی ئەمەریکا و ئێران کراوە و لە (داڤۆس)یش بینیمان کاک نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ ترەمپ و سەرکردەکانی جیهان دیداری هەبوو سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی ئیجابی دەبینێت لەسەر چارەسەری گرفتەکان کە ئەمەش پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتییە بە کوردستان.

کەرکووک... لە یەک سالّدا زیاتر لە 500 کەس دەستگیر کراون



بەپێی ئامارێک هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک لە ماوەی یەک سالّی ڕابردوودا لە ناوەندی شار زیاتر لە500 کەسیان دەستگیر کردووە کە زۆربەیان بە تۆمەتی تیرۆر بوون. بەپێی ئامارێک کە لیوای 61 بلاّوی کردووەتەوە و هێزێکی تایبەتی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە، لە یەک سالّدا لە گەڕەک و ناوچە جیاوازەکانی شاری کەرکووک، چەندین هەڵمەتی گەڕان و پشکنین ئەنجام دراون و بەو هۆیەوە، جگە لە دەستگیرکردنی زیاتر لە500 کەس، دەستیش بەسەر چەندین پارچە چەک و تەقەمەنی و کەرەوەی تیرۆر و چەکداری داعش لەناو شاری کەرکووک دەستگیر دەکرێن و وێنەکانیشیان بە دەموچاو داپۆشراوی بلاّو دەکرێتەوە، کە بەشێکیان بە ئەمیر و سەرکردەی مادەدەی هۆشبەر و کەلوپەلی دزراودا گیراوە. بەپێی هەمان ئامار، لە یەک سالّی دەستبەکاربوونیاندا لە کەرکووک، توانیویانە333 کەس بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر بکەن، کە دەستیان سوور بووە بە خوێنی هاوواڵتیانی بێتاوان و بەشێک لەوانەش ئەمیری داعش بوون، چونکە ئێستا داعشێکی زۆر ڕوویان لە شاری کەرکووک کردووە. جیا لەو 333 کەسە، ئەوانی دیکە هەر یەکەیان بە تۆمەتی دزی و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر و چەند مادەیەکی دەستگیر کراون.

ڕۆژانە کەسانی تۆمەتبار بە ئەو ڕێکخراوە ناو دەبرێن. پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لە کەرکووک، زیاتر لە دوو ساڵە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک کە پێشتر لەژێر دەستی داعشدا بوون، کۆنترۆڵ کراونەتەوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی توانایی دابینکردنی ئاسایشی ناوچە کوردستانییەکان و بەتایبەت کەرکووکیان نییە و ناوبەناو ڕووداوی ئەمنی لەو سنوورانە دووپات دەبنەوە و نەیانتوانیوە وەک پێویست بەرگری لە شارەکە و دانیشتوان پێکهاتەکانی بکەن.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

دۆخی ئەمنیی سنووری کۆڵەجۆ جێگیرە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە باس لە ئارامی و سەقامگیریی دۆخی ئەمنیی سنووری شارۆچکەی کۆڵەجۆی سەر بە قەزای کفری دەکات و هۆکارەکەشی ڕوون دەکاتەوە. عەمید جموور ڕۆستەم، جێگری فەرماندەی لیوای 3ی پیادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: نزیکەی مانگێک دەبێت تیرۆریستانی داعش لە سنووری کۆڵەجۆ ڕۆڵیان نەبووە و هێرشیان ئەنجام نەداوە.

ئەو فەرماندەیە هۆکاری لاوازبوونی داعشی بۆ ئەو بۆردومانەی هێزەکانی ئەمەریکا و ئێوەڕاسیۆنی پێشمەرگە لەو ناوچەیە گەڕاندەوە کە چەندین چەکداری لێ کوشتن و زیانی بەرچاوی پێ گەیاندن. ئەوەشی خستەڕوو: پێشمەرگە لەو سنوورە زۆر بە وریاییەوە لە ئامادەباشیدایە بۆ وەڵامدانەوەی هەر جوڵانەیەک کە ئەگەر بێت داعش نیازی هێرشی هەبێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/1/27 ژمارە (5919)
خەبات



دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکاری پێشکەش بە لێقەوماوانی باکووری کوردستان دەکات

لەسەر راسپاردەی سەرۆک بارزانی، دەزگای خێرخوازی بارزانی کاروانێکی هاوکاری پێشکەش بە لێقەوماوانی شاری خارپێتی باکووری کوردستان دەکات.

لەمبارەیەوە موسا ئەحمەد، سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، بە کوردستان 24ی راگەیاندووە: لە هەوڵدان هاوکاری بگەیەنینە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە و ئێستا چاوەڕێی وەڵامی حکوومەتی تورکیاین بۆ ئەوەی رەزامەندی دەربڕن و خزمەتگوزارییەکانمان بگەیەنین، چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێ ماڵ ماونەتەوە و پێویستیان بە هاوکارییە. شایانی باسە بەهۆی بوومەلەرزەکەی باکووری کوردستان، کە شەوی هەینی رابردوو رووییدا، زیاد لە 30 کەس گیانیان لەدەستداوە و سەدان کەسیش بریندارن، ژمارەیەک خێزانیش بێ ماڵ و حاڵ ماونەتەوە.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری دەگەیەنێتە کوردانی یەمەن

دوای ئاگادارببوون لە بارودۆخی دانیشتوانی گوندێکی کوردنشین لە وڵاتی یەمەن، دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری خۆراکی گەیاندە دانیشتوانی گوندەکە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری خۆراکی گەیاندە 140 خێزانی کورد لە وڵاتی یەمەن و لەم چالاکییەدا 700 کەس سودمەند بوون. بەڕێز موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گوتی: ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵماندا وە سنورەکان ببەزێنین و لەهەر شوێنێک کەسێک پێویستی بە هاوکاری ئێمەبێت پاڵپشتیان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاریمان گەیاندە 140 خێزانی کورد لە وڵاتی یەمەن. شایانی باسە کوردانی یەمەن لە گوندێک بەناوی ئەلکوردییە لە پارێزگای محویتی یەمەن دەژین و لە باردۆخێکی ئابووری زۆر خراپدان و نا سەقامگیری ڕەوشی ئەمنی لەو وڵاتەدا ژیانی ئەوانی دژوارتر کردووە.

غالب شابەندەر بۆ «خەبات»:

کورد لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی شانازی گەورەی تۆمار کردووە

لە کوردستان وڵات بونیاد دەنێن و لە عێراقیش پێشبڕکێ لەسەر ژمارەی خۆپیشاندەران دەکەن

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

کەسایەتییەکی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات داوا لەعێراقییەکان دەکات واز لەخۆپیشاندان و هاتوهاوار و موزایەدە بێنن و وەک کورد وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و دەڵێت لە کوردستان سەرکردایەتی و خەڵک و حکوومەت سەرقاڵی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانیانن و لەعێراقیش پێشبڕکێ لەسەر ژمارەی خۆپیشاندەران و ژمارەی شەهیدەکانی خۆپیشاندان دەکەن.



غالب شابەندەر کەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسیی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات سەرسوڕمانی خۆی لە هەڵوێستی هێزە شیعەکانی عێراق بەرامبەر ئەمەریکا و وڵاتانی دراوسێ دەردەبڕێت و دەڵێت: بەڕاستی سەیرە بەنیازبیت لەو بارودۆخە پڕ لەقەیرانەی عێراق لەو برسێتی و بێ سەروبەری و فەوزایەی عێراق بێیت باسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا بکەیت لە عێراق و خۆپیشاندانی ملیۆنی بۆ ڕێکبخەیت.

ئەم کەسایەتیە عێراقیە شیعەیە لەبارەی سیاسەتی سەرۆک بارزانی و تێڕوانینی بۆ پێشهاتە سیاسیەکانی ناوچەکە گوتی: کورد لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی شانازی گەورەی تۆمار کردووە لە عێراقدا و لەکاتێکدا لەناوچەکانی تری عێراقدا ڕۆژانە کوشتن و بڕین و ڕفاندن زیاد دەکات و ژمارە و جۆری میلیشیا و باندە چەکدارییەکان و دەستوەردانی وڵاتانی دەوروبەر لەزیادبوونداین، لە کوردستانیش دروستکردنی شەقام و پارکی نوێ و باڵەخانەی بەرزتر و بونیادنانی هزر و بنەماکانی مافی مرۆڤ و هەماهەنگی هێزە سیاسییەکان دروست دەکرێت.

باکووری کوردستان... ژمارەی قوربانییان بوومەلەرزەکەی خارپێت لە بەرزبوونەوە دایە



سەرۆکایەتی ئیدارەی کارەسات و باری لەناکاوی تورکیا ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو هاووڵاتییانەی لە بوومەلەرزەکەی خارپێتی باکووری کوردستاندا گیانیان لەدەستداوە گەیشتوەتە 36 کەس. لە ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتی ئیدارەی کارەسات و باری لەناکاوی تورکیا هاتووە: نزیکەی هەزار و233 خیوەت گەیەندراوەتە ئەو ناوچەیەی کە بوومەلەرزەکەی تیایدا ڕوویداوە و لە ئەنجامی سەرژمێری و پشکنینی بیناکانیشدا دەرکەوتووە کە 76 بینا بەتەواوی داڕووخاون و 642 بینا زیانی زۆریان بەرکەوتووە و 425 بیناش بەڕێژەی کەم و مامناوەند زیانیان بەرکەوتووە. هەروەها هاتووە "تا ئێستاش تیمە فریاگوزارییەکان توانیویانە 45 کەس بەزیندووی لەژێر داروپەردووی بینا داڕووخاوەکان بهێننە دەرەوە و ژمارەی ئەو کەسانەیشی گیانیان لەدەستداوە گەیشتوەتە 36 کەس و هەزار و 607ی دیکەیش بریندارببوون".

سەرکردەیەکی سوننەکان:

هەرێمی کوردستان نموونەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، عێراق بە خراپترین دۆخدا تێپەڕ دەبێت و ئەگەر دۆخەکە لەوە زیاتر خراپ بێت، وێران دەبێت، بۆیە پێویستە چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن و سوود لە ئەزموونی هەرێم وەربگرن، چونکە هەرێمی کوردستان نموونەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی پێشکەوتن لە هەموو لایەکەوە. د. عەلا مەکی، سەرکردەی سوننەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: خۆپێشاندانەکان مافی خۆیانە و داوای مافی خۆیان دەکەن لە هەموو وڵاتان و هۆکاری خۆپیشاندانەکانی عێراقیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵی هەیە و خزمەتگوزاری نییە و بێکاری زۆرە و گەنجان بێکارن، ئەمە وای کردووە هاووڵاتیان خۆپێشاندان بکەن، بۆیە ئەگەر داواکاریشیان جێبەجێ بکرێت هەر بەردەوام دەبێت، چونکە قوربانییان زۆر داوە و شەهید و بریندار کراون، لە کاتێکدا داوای مافی خۆیان دەکەن. عەلا مەکی گوتیشی: بۆ ئەوەی کۆتایی بە خۆپێشاندان بێت، پێویستە کەسێک دیاری بکرێت بۆ سەرۆکوەزیران کە ڕاستگۆ بێت و جێی ڕەزامەندیی ئەوان بێت و بچێت لەگەڵ ئەوان قسە بکات و قەناعەتیان پێ بکات و ئەکید بزانن داواکاریان جێبەجێ دەکرێت، ئەوکات کۆتایی پێ دێن، ئەگەرنا بەردەوام دەبێت.

مەکی باسی لەوەش کردووە: عێراق بە خراپترین دۆخدا تێپەڕ دەبێت و ئەگەر بەردەوام بێت، عێراق وێران دەبێت و لایەنەکانیش فشاری زۆریان لەسەرە و دەیانەوێت کەسێک بێت کە نزیک بێت لە ئەوان، ئەگەرنا ڕازی نابن و دەیانەوێت کەسێک بێت وڵاتانی دەوروبەریش پێی ڕازی بن، ئەمەش ئەستەمە بتوانێت کۆتایی بە خۆپێشاندان بێنێت.

گوتیشی: ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە هەرێمی کوردستان، کە بەشێکە لە عێراق، سەقامگیر و ئارامە و خەڵک ژیانی خۆیان بەڕێ دەکەن و کێشەیان نییە و سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا کێشەی داراییان هەبوو، تێپانپەڕاند و ئێستا دۆخەکە زۆر باشە و هەرێمی کوردستان نموونەیەکە بۆ عێراق و سووریا و لیبیا و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی، چونکە حوکمداری لە هەرێم بە شێوەیەکی تەندروست بەڕێوەدەچێت و بەردەوامیش لە هەموو ڕووبەکەوە بەرەو پێشەوە دەچێت، بۆیە گرنگە وڵاتانی دیکە و عێراقیش چاو لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەن.

کیفاح مەحمود بۆ «عەکازی سعودی»:

هێشتا ڕەوشەکە لەبار نییە بۆ دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق

عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیان نەخشە ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابڕێژن

ئا: خالید گەردی

کیفاح مەحمود ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی نووسینگەی سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی عەکازی سعودی تیشک دەخاتە سەر چەندین پرس و پێشهاتی گرنگ و هەستیار دەربارەی عێراق و ناوچەکە، ئەمەش پوختەیەکی دیمانەکەیە.



لەبارەی پرسیاری ئایا حکوومەتی فیدرالی لە ژێر کاریگەری دەستبالاّیی ئێران دەتوانێت بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەی بپارێزێت و دەسەلاّتی بسەپێنێت، گوتی: لەبەر زۆر هۆکار سەختە حکوومەت بتوانێت ئەم کارە بکات، لەپێش هەموویانەوە سرووشتی سیستەمی سیاسییە کە دەسەلاّتی ئایینی و مەزهەبی بەسەریەوە زاڵە و هەڵگری هەمان عەقیدەی ئێران، عەقیدە و دیدی سیاسییان زۆر لە یەک نزیکە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبی و نەژادی و ئابووری ولاّتانی دراوسێی دیکەش دەست لەکاروباری عێراق وەردەدەن بە تایبەتیش پێگە و سامانی عێراق بووەتە مایەی سەرنجڕاکێشانی ولاّت و کۆمپانیاکان. هەر حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق ڕووبەڕووی ئەو تەحدایانە بوونەتەوە و نەیانتوانیوە هیچ گۆڕانکارییەک بکەن، هەر ئەوەش بوو وای کرد شەقامی شیعە پێش کورد و سوننەکان خۆپیشاندان بکەن.

لە وەلاّمی ئەو لێکەوتانە چین لە ئاکامی دەنگدان لەسەر دەرچوونی سوپای ئەمەریکا سەرهەڵدەدەن، کە سەرکردایەتیی کوردستان بێلایەنی خۆی نواند، بەڵام هەندێ لایەن لە ژێر کاریگەری مەزهەبی و کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس نەک هەر داوای دەرکردنی سوپای ئەمەریکایان کرد بەڵکو داوای داخستنی بالّیۆزخانە و پچڕانی پەیوەندییان لەگەڵ ئەمەریکا کرد؟ گوتی: سەرکردایەتیی کوردستان ژیرانە و دانایانە بڕیاری بێلایەنی لە سۆنگەی نیشتمانی و واقیعبینی دا، ولاّت ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەتەوە و دامەزراندنی دامەزراوەیەکی سەربازی نیشتیمانی بە تەواوی دروست نەکراوە تا بتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆریستان و مەترسییە هەرێمایەتییەکان بێتەوە، بینیمان لە ساڵی 2014 دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تیرۆریستان دەستیان بەسەر سێیەکی ولاّتدا گرت، جگە لە کوژران و بریندارببوون بە نەکێزەبردنی هەزارەها کەس زیانی بە ملیاردها دۆلاریشی لێکەوتەوە، دەرەنجامەکانی باشترین پەند و وانەیە بۆ هەموو لایەک کە هێشتا ڕەوشەکە لەبار نییە بۆ دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمانان.

لە پرسیاری ئەوەی پێتوایە عێراق بتوانێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت و خۆی لە ملمالانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەدوور بگرێت؟ گوتی: ئاستەمە لە ڕەوشی ئێستادا عێراق خۆی لە ملمالانێ هەرێمایەتییەکان بەدوور بگرێت بە تایبەتیش نێوان ئەمەریکا و ئێران لەبەر ئەوەی زۆربەی حزبە ئایینییەکان پەیوەندی عەقیدەییان لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا هەیە و زۆرێکیشیان لە دژایەتیکردنی ئەمەریکا پەیڕەوی هەمان نەهجی ئەوان دەکەن بە شەیتانی گەورەی ناودەبەن. ئەمەش بەڕوونی دەرکەوت کاتێک زۆرێک لە لایەنە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی دژی بنکە و بوونی سوپای ئەمەریکا وەستانەوە، پەلامارەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا هەمان سیناریۆی پەلامارەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو پێش سێ دەیە لە تاران، بۆیە پێمووانییە عێراق خۆی لە ملمالانییەکە ڕزگار بکات پێش کەمکردنەوەی دەستبالاّیی، نالّێم کۆتایی هێنانی، چونکە حزبە ئایینییە دەسەلاّتدارەکان لە عێراق لەسەر بنچینەی سۆزی ئایدیۆلۆجی پەیوەندییەکانی دادەمەزرێنێت. لە ڕەوشێکی واشدا سەختە عێراق بتوانێت خۆی لە ملمالانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەدوور بگرێت.

لە وەلاّمی پرسیاری ئایا کوشتنی سولەیمانی بە واتای هەڵکردنی گلۆپی سەوزە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی ناوچەکە لە دەستبالاّیی ئێران؟ ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی نووسینگەی سەرۆک گوتی: هەندێ لە چاودێران هەمان بۆچوونیان هەیە، بەڵام ڕەنگە من لەگەڵیاندا لە سەرەنجامی ئاکامەکەی بۆچوونەکەم جیا بێت، چونکە پەیوەندی نێوان و کۆماری ئیسلامی ئێران و سیستەمە سیاسییەکەی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی عێراق لەسەر بنەمای پەیوەندی عەقائیدییە لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی کارێکی سەختە.

لەبارەی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی عەکاز، وەلاّمەکەی حکوومەتی هەرێم بۆ نەسرولاّ زۆر توند بوو، دەبێ پاڵنەری نەسرولاّ بۆ ئاڕاستەکردنی قسەکانی چی بێت؟ گوتی، نەسرولاّ بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە کوردستان و گەلی کوردستان و هەروەها بە پەیوەندی نێوان تاران و هەولێرەوە نییە، بۆیە نازانین لە ئاراستەکردنی پەیامەکەی چ مەبەستێکی هەبوو، ڕەنگە بۆ ئەو میلیشیایانە بێت کە لە ژێر فەرمانی ئەو لە عێراق کار دەکەن. نەسرولاّ بوختانی بۆ سەرۆک و پێشمەرگە هەڵبەست کە ئەو لە تەمەنی 15 ساڵییەوە تفەنگی کردووەتە شان و دوای بارزانیی نەمر ڕابەرایەتیی شۆڕشی گرتووەتە ئەستۆ کە دواتر دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، نازانم نەسرولاّ باس لە چ ترسێک دەکات! ئەی خۆی چ دەستکەوتێکی بۆ لوبنان بەدەست هێنا لەژێر دەسەلاّتی ئەو و حزبەکەی لە بووکی ڕۆژهەلاّتەوە بەم لوبنانەی ئێستای گەیاند بە سەدەها هەزار خۆپیشاندەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی سیاسەتەکانی شەقام و گۆڕەپانەکانیان تەنیوە.

لە دوا پرسیاریشیدا دەربارەی بەرچاوترین ئەو لێکەوتانە بۆ عێراق و دەوروبەری چین؟ هەروەها ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و ڕێککەوتنەکەی 2020 بە چی گەیشت؟،

ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی نووسینگەی سەرۆک گوتی: هەرێم و بەغدا لە دوو گۆشەی جیاوازەوە سەیری سیستەمی فیدرالی دەکەن، هەروەها سستی لە جێبەجێکردنی دەستوور و پشتگوێخستنی هەندی بڕگەکانی بووە هۆکاری کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکان نەک تەنیا لە نێوان بەغدا و هەولێر بەڵکو بەغدا و حکوومەتە خۆجێییەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش، کە عادل عەبدولمەهدی بووە سەرۆک وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ حکوومەتی کوردستان تونیان نەخشە ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابڕێژن، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی بووە هۆکاری دواکەوتن لە جێبەجێکردنی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکان.

دەربارەی ڕێککەوتنەکەی سەر نەوتیش ڕێککەوتنەکە هەیە و وەزیری نەوت و دارایش جەختیان لەسەر بوونی کەردووەتەوە، بەڵام هەموولایەک چاوەڕێی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و ناردنی بودجەیە بۆ پەرلەمان تا پەسند بکرێت ئەو کات هەردوو لا دەست بە جێبەجێکردنی لێکتێگەیشتنەکەی نێوانیان لە سەر نەوت و بەشی هەرێم لە قەرز و هاریکارییە نێو دەوڵەتییەکان بکەن.

گرێبەستی سەدەی تەمپ عێراق دەکاتە سێ دەوڵەت

پرۆژەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین دەبێتە گرێبەستی سەدە



دۆناڵد تەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کار لەسەر پرۆژەیەک دەکات کە بە (گرێبەستی سەدە) ناسراوە و باسیش لەوە دەکرێت کە لە ئەنجامی ئەم پرۆژەیەدا، عێراق بەسەر سێ دەوڵەتدا دابەش دەبێت. ئەم پرۆژەیە کە چەند ساڵێکە قسەی لە بارەوە دەکرێت، لە بنەڕەتدا ناوی پرۆژەی ئاشتییە لە نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل، بەڵام لە نیسانی ساڵی 2017دا و کاتێک عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر سەردانی واشنتۆنی کرد، ڕایگەیاند «پرۆژەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین دەبێتە گرێبەستی سەدە».

هێشتا پرۆژەکە بە ڕوونی نەخراوەتەڕوو، بەڵام لە میدیاکانی ئەمەریکا و ولاّتانی دیکە چەند زانیارییەک دەزیان کردووە و تێیدا دەردەکەوێت کە پرۆژەکە چارەسەری بۆ کۆتاییهێنان بە ملمالانێی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل خستووەتەڕوو. یەکێک لە خاڵەکانی چارەسەری ناکۆکییەکە، گەڕاندنەوەی ئاوارە فەڵەستینییەکانە لە ولاّتانی دونیا بۆ ولاّتانی عەرەبی، بە تایبەتیش ئوردن و میسڕ و عێراق، لە بەرامبەر پشتیوانیی ئابووریی ئەمەریکا. بۆ ئەم پرۆژەیەش ولاّتانی کەنداوی عەرەبی بڕی 10 ملیار دۆلار بۆ بونیادنانی دەوڵەتی فەڵەستین و ژێرخانەکەی، وەک (فڕۆکەخانە، بەندەری دەریایی، پرۆژەی نیشتەجێکردن، کشتوکاڵ، ناوچەی پیشەسازی و شاری تازە. پێشتر لە ساڵی2019 دا، دکتۆر جەرا چنگیانی، مامۆستا لە یەکێک لە زانکۆکانی ڕووسیا، لە پرۆژەیەکدا ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەگەر هەیە عێراق بەسەر سێ دەوڵەتی "کورد لە باکوور، عەرەبی سوونە لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و عەرەبی شیعە لە باشوور" دابەش بکرێت، ئەوا دەتواندرێت بە لێکدانی دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکەی عێراق لەگەڵ ئوردن، ناوچەیەکی فراوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین بدۆزرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، باقر زوبەیدی، وەزیری دارایی پێشووتری عێراق و سەرکردە لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، لە کۆتاییەکانی ئایاری 2018دا ڕایگەیاندبوو، ناوچەی قائم لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار، خاڵی گرنگییپێدانە لە لایەن گرووپە چەکدارییە توندڕەوەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندیی عێراق بە پرۆژەی گرێبەستی سەدەوە.

ئەوەشی ئاشکرا کردبوو کە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات لە عێراق، دەبێتە ولاّتێکی جێگرەوە بۆ فەڵەستینییەکان و بە ئوردن و ناوچەی ناسراو بە کەرتی ڕۆژئاوا لە فەڵەستینەوە بە یەکتر دەبەسترێنەوە.

بە گوتەی زوبەیدی، بەغدا بەشێک نییە لە پرۆژەی (گرێبەستی سەدە)، بەڵام «حەقیقەت شتێکی دیکەیە، لە بەر زۆر هۆکار، ولاّتی دوو ڕووبار بڕبڕەی پشتی پرۆژەکەیە، لە نێویاندا ئایینی و میژوویی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی».

ئەمە لە کاتێکدایە کە بڕیارە لە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو 2020/1/28 بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکی حکوومەتی ئیسرائیل بگاتە واشنتۆن و لەگەڵ دۆناڵد تەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، گفتوگۆ لە بارەی (گرێبەستی سەدە) بکات. ڕۆژی هەینی 2020/1/24 تەمپ ڕای گەیاند کە «ڕەنگە» پێش کۆبوونەوەی لەگەڵ ناتانیاهۆ، بە فەرمی گرێبەستی سەدە ڕابگەیەنێت، «هەرچەندە سەرەتا کاردانەوەی فەڵەستینییەکان بۆ پرۆژەکە سلبی دەبێت، بەڵام دواتر کاردانەوەیەکی ئیجابی دەبینین، چونکە زۆر خاڵی باشیان لە ڕێگەی پرۆژەکەوە بۆ دەستەبەر دەبێت».



قایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە کەنەدا

سەرۆکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ویلایەتی ئۆنتاریۆ باشووری ڕۆژهەلاّتی کەنەدا، دکتۆر دەیڤد ویلّیامس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی توشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای لەو ولاّتە ڕاگەیاند. دەیڤد ویلّیامس لەبارەی هەڵگری قایرۆسەکەوە ئەوەی خستەڕوو کە ئەو کەسە لە پەنجاکانی تەمەنیدایە و ڕۆژی 22ی کانوونی دووەم لە شاری ڤوهانی چین-ەوە گەڕاوەتەوە تۆرینتۆی کەنەدا. ناوبراو ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە لەئێستادا نەخۆشەکە لەژێر چاودێری پزیشکدایە و مەترسی بۆسەر ژیانی خەڵک ئێجگار کەمە. لای خۆیەوە بەڕێوبەری ناوەندی چاودێری نەخۆشییە درمەکان لە تۆرینتۆ، دکتۆر باربارا یافی ڕایگەیاند کە پەیوەندی نەخۆشکە لەگەڵ دەرەوەی نەخۆشخانە تەنها لەڕێی ئەندامانی خێزانەکەیەوەیە و ڕێگە نادرێت ئەم کەسانەیش تێکەڵی کۆمەڵگەبن.

تۆمارکردنی جۆرێکی نوێی قایرۆسی کۆرۆنا لە ئەمەریکا

لە ئەمەریکا، ناوەندەکانی چاودێریکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشی ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە لە شارۆچکەی ئۆرەنج سەربە ویلایەتی کالیفۆرنیا جۆرێکی نوێی قایرۆرسی کۆرۆنا لە کەسێکدا دۆزراوەتەوە کە لە شاری ڤوهانی چینەوە هاتووەتە ئەمەریکا. لەو بارەیەشەوە بازنەی تەندروستی شارۆچکەی ئۆرەنج ڕایگەیاند: نەخۆشەکە خراوەتە ژێر چاودێری تایبەتەوە و لەئێستادا ڕەوشی تەندروستی جێگیرە، تەنها ڕێگە بە کەسە نزیکەکانی دەدرێت ببینێن و ئەوانیش بەردەوام پشکنینیان بۆ دەکرێت. جێی باسە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا لە شاری ڤوهانی چین جۆرێکی نوێی قایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەتەواوی ئەو ولاّتەدا تەشەنەی کرد و تا ئێستا 56 کەس بەهۆی قایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی دوو هەزار کەسیش تووشی قایرۆسەکە بوون.

ئاستەنگ بۆ دادگای فیدراڵی پەیدا بووە

حاکم تاریق گەردی: بەهۆی کەمیی دادوەرەوە دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی بابەتە هەستیارەکانی نییە

ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق ڕایگەیاندووە لەمەدوا کار بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ناکرێت، بەهۆی نەبوونی دادوەری پێویست لە دادگاکە و پسپۆڕێکی یاساش دەڵێ، بەهۆی کەمیی دادوەرەوە دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی بابەتە هەستیارەکانی نییە. حاکم تاریق گەردی، پسپۆری یاسا و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق، بە مانگنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قازی فارووق، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادگای فیدراڵی، بەهۆی تەمەنەوە خۆی خانەنشین کردووە و یاسای دادگای فیدراڵییش لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند نەکراوە، تا ئەوکاتەی پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیش پەسەند نەکرێت، نابێ ئەندامانی دادگای فیدراڵی زیاد بکرێن. ئەو پسپۆڕەی یاسا گوتیشی: نەبوونی دادوەر کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی دەبێت، چونکە بەپێی دەستوور هەر بابەتێکی هەستیار ڕەوانەی دادگای فیدراڵی بکرێت، بۆ یەکلاکردنەوە پێویستی بە کۆدەنگیی دادوەرەکان هەیە، دادگای باڵای فیدراڵی لە نۆ ئەندام پێکدێت، کەمبوونەوەی ئەندامێک ئاستەنگ بۆ بڕیارەکانی دادگا دروست دەکات. گەردی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەندێ پرسی هەستیار لە دادگا یەکلا ناکرێنەوە، تا یاسای دادگای باڵای فیدراڵی دەردەچێت، بەڵام بۆ ئەو پرسانەی زۆر هەستیار نەبن، لیژنە لەنێو دادگای فیدراڵی هەن و دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی پرسەکانیان هەیە.



عێراق.. بەردەوامی خۆپیشاندان قوربانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە



دوای کشانەوەی لایەنگرانی ڕەوتی سەدر لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان، ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە شارەکانی بەغدا، بابل، بەسرە و کەربەلا چوونە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان. دوێنێ یەکشەممەش گرژی و ئاڵۆزیی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا بەردەوام بوو.

لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆری قوتابی چوونەتە گۆڕەپانەکانی تەحریر و وەسبە ناوەڕاستی بەغدا بەشداریانکردووە لە خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکان. سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت ئاماژەی بەوەش کردووە کە هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بڵاو بە خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی وەسبە بکەن.

لە کەربەلا.. پێکدادان ڕوویدا

هەروەها سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلا لە لێدوانێکدا ئاشکرایکرد کە بە هۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکانەوە بۆ بڵاوپێکردنی خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی شارەکە، 10 خۆپیشاندەر برینداربوون. هاوکات شایەتحاڵەکان و دوو سەرچاوەی ئەمنی ڕایانگەیاند کە بە هەزاران قوتابی ڕووبان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان کردووە لە شارەکانی بابل و بەسرە. چاودێران وای بۆ دەچن کە چوونی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابی بۆ گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکان بۆ ئەوەیە گۆڕەپانەکان چۆڵ نەکرێن بە تایبەتیش دوای ئەوەی لایەنگرانی ڕەوتی سەدر تیایاندا کشاونەتەوە.

بریندارببوونی 30 خۆپیشاندەر لە ناسریە

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕووداوە و بەهۆیەوە 30 خۆپیشاندەر بریندارببوون. سەرچاوەکە کە لە فەرمانگەی تەندروستی زیقار کار دەکات لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو باسی لەوەکرد، ئەمڕۆ یەکشەممە هێزە ئەمنییەکان هەوڵیانداوە بەزبری هێز بڵاو بە خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی شاری ناسرییە بکەن کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە. بەگوتەی سەرچاوەکە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە 30 خۆپیشاندەر بریندار بوون.

سێ خۆپیشاندەر لە بەغدا کوژران

هەر دوێنێ پەیامنێری ڕووداو، هێزە ئەمنییەکان ئاستەنگ بۆ بڕیارەکانی دادگا دروست دەکات. گەردی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەندێ پرسی هەستیار لە دادگا یەکلا ناکرێنەوە، تا یاسای دادگای باڵای فیدراڵی دەردەچێت، بەڵام بۆ ئەو پرسانەی زۆر هەستیار نەبن، لیژنە لەنێو دادگای فیدراڵی هەن و دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی پرسەکانیان هەیە.

لە بەغدا ڕایگەیاندووە کە لە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممەوە سێ خۆپێشاندەر کوژراون و 15ی دیکەش بریندارببوون. هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ڕۆژی شەممە 2020/1/25ەوە پلانیان داناوە بۆ بڵاوپێکردنی خۆپێشاندەران لە تەحریر، ئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی شەڕ و ئاڵۆزی لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپێشاندەران؛ پەیامنێری ڕووداو دەشڵێ، ئەوانەی کوژراون بە فیشەک تەقەیان لێکراوە. هێزە ئەمنییەکان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە بگەنە مەیدانی تەحریر، بەهۆی ئەوەی خۆپێشاندەران بۆ پارێزگاری لە تەحریر چوونەتە وەتبە و شەڕ و ئاڵۆزییەکەش هەر لەوێیە؛ بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری ڕووداو، هێزە ئەمنییەکان و خۆپێشاندەران بە بێتەڵ قسەدەکەن و هێزەکان داوادەکەن خۆپێشاندەران بکشێنەوە.

عێراق.. دۆسیەی ئەمنی حەوت پارێزگا ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت

گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف ڕایگەیاند کە بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی بەرگریی دۆسیەی ئەمنی حەوت پارێزگا ڕادەستی وەزارەتی ناخۆ دەکات.

دوێنێ یەکشەممە لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی نیمچە فەرمی عێراقییە ئاشکرایکرد کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بڕیاری داوە کە دۆسیەی ئەمنی حەوت پارێزگا لە لایەن وەزارەتی بەرگرییەوە ڕادەستی وەزارەتی ناخۆ بکرێت.

گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف ئاماژەی بەوەیشکردووە کە بڕیارەکە پارێزگاکانی بابل، نەجەف، دیوانییە، واست، موسەننا و میسان دەگرێتەوە، بەڵام دۆسیەی ئەمنی پارێزگاکانی کەربەلا، زیقار و بەسرە بە هاوبەشی لە نێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکان و فەرماندییەکانی پۆلیس بەڕێوەدەبرێن.

لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە ئامانج لەو بڕیارە ئەوەیە دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە فەرماندەییەکانی پۆلیس بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی لەو حەوت پارێزگا بکەن، بەڵام لە کاتی پێویستدا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکان پالپشتی پێشکەش بە هێزەکانی پۆلیس لەو پارێزگایانەدا دەکەن.

جێی باسە لە 28ی تشرینی دووەمی ڕابردووەوە سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق شانەی قەیرانەکانی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری وڵات بەسەرۆکایەتی ژمارەیەک گەورە ئەفسەر لە سوپا پێکهێنابوو بە ئامانجی ئەوەی دۆسیەی ئەمنی لەو پارێزگایانەدا بەڕێوەبەرن.

میدیایەکی عێراق دەستگیرکردنی سروە عەبدولواحیدی ڕاگەیاند

ژنە ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق پاش دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن لە دژی، خۆی ڕادەستی بنکەیەکی پۆلیس کرد. بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی (بغداد الیوم)ی عێراقی، دوێنێ یەکشەممە 2020/1/26 سروە عەبدولواحید، ژنە ئەندامی پێشووی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق کە ئێستا سەرپەرشتی کاروباری دارایی گرووپی نەوەی نوێ دەکات کە شاسوار عەبدولواحیدی بڕای سەرۆکایەتی دەکات، خۆی ڕادەستی بنکەیەکی پۆلیس کردووە.

باسیش لەوە کراوە کە بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی پێشتر لەسەر تویتێک، سکاڵای لە دژی سروە عەبدولواحید تۆمار کردبوو و لە لایەن دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرابوو، بۆیە دوێنێ خۆی ڕادەستی بنکەی پۆلیس کردووە.

ئەسعەد ناسری جیابوونەوەی خۆی لە ڕەوتی سەدر ڕاگەیاند و چووە پاڵ خۆپیشاندەران


لەبەر خۆشەویستی شاری ناسرییە و خۆپیشاندەران عەمامەکەم فڕێدەدەم



سەرکردە لە ڕەوتی سەدر و گوتاربێژی پێشووی شاری کوفە، ئەسعەد ناسری ڕایگەیاند کە لە ڕەوتی سەدر جیابووەتەوە و چووەتە پاڵ خۆپیشاندەران و هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە لەسەر پاڵپشتیکردنی لە خۆپیشاندەران ئەندامێتی لە ڕەوتی سەدر هەڵپەسێردراوە.

ڕۆژی شەممە سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر بەهۆی ئەوەی لە فەرمانەکانی یاخیبووە و پابەندنەبووە بە بڕیارەکەی بۆ ڕاگرتنی پالپشتیکردن لە خۆپیشاندەران فەرمانیکردبوو بە هەڵپەساردنی کارەکانی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی گوتووە: لەبەر خۆشەویستی عێراق، شاری ناسرییە و خۆپیشاندەران عەمامەکەم فڕێدەدەم، بەردەوام پالپشتییم لە عێراقییەکان کردووە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنمەوە و ئومێدەوارم زوو بکوژێم چونکە بیری شەهیدەکان دەکەم. ئەمەش یەکەم جیابوونەوەیە کە لەنێو ڕەوتی سەدر لەسەر ڕاگرتنی پالپشتییەکانی موقتەدا سەدر لە خۆپیشاندانەکاندا ڕووبەدات. جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو سەرۆکی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاندبوو کە ئیتر پالپشتی لە خۆپیشاندانەکان ناکات. هەر لەدوای ئەو لێدوانەی موقتەدا سەدر لە ڕۆژی شەممەوە لایەنگرانی ڕەوتی سەدر لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکاندا ئاماژەی شەممەوە لایەنگرانی ڕەوتی سەدر لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکاندا کشاونەتەوە و جێگای بایەخی ئیمەی ئەمەریکایە و تیکۆشەرێکی مەزنە و سوورین لەسەر پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان جێگای شانازیە بۆ نەتەوەکەی.

لەهەموویان گرنگتر ڕاستکردنەوەی دەربڕینەکەی سەرۆک ترامپە لەلایەن کاک نێچیرەوە کاتێک کە گوتی ئێمە داعشمان تێکشکاند، سەرۆکی کوردستان گوتی ئێمە ئینجا ئێوە بە یەکەوە داعشمان تێکشکاند ئەم ڕاستکردنەوە یەش سەلمێنەری بروابەخۆبوون و بڕوابوونە بە ئیرادەی کورد و پێشمەرگەی کوردستان . کەواتە ئەم دیدارە مێژوویییە سەرەڕای گرنگی ئابووری و سیاسی و دیبلۆماسی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند لە عێراق و ناوچەکە و پەیامێکی ناڕاستەوخۆی گرنگیشە بۆ عێراقچییەکان کە مامەڵکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی گرنگە نەک هەرێمێک سەر بەعێراقێکی شیعی بێ سەروەری.



زانا دزەیی

دیدارێکی مێژوویی و چەند پەیامێکی گرنگ

دیداری سەرۆک ترامپ و سەرۆکی هەرێم بە گرنگترین ڕووداوی دیبلۆماسی 2020 لە قەڵەم دەدرێت، پێشوازیکردنی ڕۆناڵد ترامپ لە کاک نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەمانی کۆنگرێسی ئابووری داڤۆس دەستکەوتێکی گرنگە بۆ نەتەوەی کورد لەو سەردەمەی ئێستادا،چونکە دیداری دوو سەرۆک بوو، سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان و سەرۆکی کاریگەرترین وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانە لەژێر هەردوو ئاڵای ئەمەریکا و کوردستان، دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک ترامپ لەم ئان و ساتەدا زۆر پەیام هەڵدەگرێت بۆ نەیارانی کورد گرنگترینیان ئامادەبوونی کورده لە سێکتەرە ئابوورییەکانی جیهان و هەروەها پێگەی کورده لە شەڕی دژ بە تیرۆر ئەوە دەسەلمێنێت کورد کارەکتەرێکی بەهێزە لە ڕووی دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان کاتیشدا ئەوە دەخاتەڕوو کە کورد هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمەریکایە لە ناوچەکە، ئەمەش شانازییە بۆ هەموو کوردی چوار پارچەی کوردستان.

ئامادەبوونی کورد لە نەخشەی ئابووری و سیاسی لەخۆوە و ڕێکەوت نەبووە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی کاک نێچیرڤان ئەندازیاری ئابووری سەربەخۆ و ئەو ئاسایش و تەباییەی کە لە کوردستان هەیە سەرەڕای ئەوەش کورد لە تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش ئەوەی سەلماند کە فاکتەرێکی کاریگەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناتواندرێت پشتی تێبکرێت بەتایبەتی ئەم ڕووداوانەی دوایی لە تەنگژەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و هەڵوێستی کورد لە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە کورد بە متمانەترین هاوپەیمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە ئەو پێگە کاریگەرەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دەستبردنی هەرێمی کوردستان بۆ کاریگەرترین چەک کە نەوتە، چونکە بەڕێزیان درکی بەوە کردووە سیاسەت ئابووری بەڕێوەی دەبات، هەرئەوەشە بۆتە هۆی مانەوەی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی لە 16 ئۆکتۆبەر کەوتە بەر شاڵاوی سڕینەوە بە یارمەتی خیانەتکاران. کورد بە نۆینەرایەتی نێچیرڤان بارزانی لە داڤۆس بە جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گوت ئێمە دەتوانین ببینە فاکتەری گرنگ بۆ ئاسایش و ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها تا ئێستا جوانترین نموونەی پێکەوەژیان و دیموکراتیمان تا ئێستا پێشکەشکردووە، کوردستان بۆتە هۆکاری یەکلاکەرەوەی زۆربەی کێشەکانی چوارپارچەی کوردستان و عێراق و زۆربەی ناوچەکان.

دیداری سەرۆک ترامپ لە داڤۆس و هەڵبژاردنی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ دیدار پەیامێکی ئاشکرای ترامپە بۆ جیهان کە کاک نێچیرڤان بارزانی هاوشانی سەرۆکی وڵاتانە و جێگای بایەخی ئیمەی ئەمەریکایە و تێکۆشەرێکی مەزنە و سوورین لەسەر پاریزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان جێگای شانازیە بۆ نەتەوەکەی.

عارف حیتۆ:
مووچەی کرێکارانی ناکارامە زیاد دەکرێت



دوای ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ کرا، بڕیار درا مووچەی کرێکاران زیاد بکرێت و بەڕێوەبەرێکی گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتیش ئاشکرای کرد، لە هەرێمی کوردستان 85 هەزار کرێکار تۆمار کراون و چاوەڕێی بڕیاری سەرۆکی حکوومەتن بۆ زیادکردنی مووچەکانیان.

دکتۆر عارف حیتو، بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە هەرێمی کوردستان 83 هەزار کرێکاری دەستەبەرکراو هەن و لەو ژمارەیەش حەوت هەزار کرێکاری بیانین و ئەوەی دیکەیان کرێکاری ناوخۆن، ئەوانە هەموویان لای ئێمە تۆمار بە فەرمی کراون و، بەپێی یاسا نابێت مووچەی کرێکار لە 285 هەزار دینار کەمتر بێت.

بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی گوتی: وەزارەت پێداچوونەوەی بە بازاڕ کردووە و پێشنیاری کردووە، مووچەی کرێکاری ئاسایی لە 285 هەزار زیاتر بێت، بەڵام بڕیارەکەی ئێمە بۆ زیادکردنی مووچەی کرێکاران ناچێتە بواری جێبەجێکردن تا سەرۆکی حکوومەت ئیمزای دەکات.

دکتۆر عارف حیتو جەختی کردەوە: هەرکاتێک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای لەسەر کرد، ئەوە خاوەنکار ناچار دەکرێت پابەند بێت بە بڕیاری حکوومەتەوە بۆ زیادکردنی مووچەی کرێکاران، بڕیارەکەش هەموو کرێکارانی ناکارامە دەگرێتەوە، مەبەست لە کرێکاری ناکارامەن کە پسپۆڕ نین، واتە شاگردە، یان کارێکی دیکە دەکات.

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ ئەڵمانی کر



خەبات ـ دهۆک:

ل کوچکا میهڤاندارییا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا کلاوس کرامەر ڕێڤەبەرێ گشتی ل وەزارەتا گەشپێدان و پێشخستنێ ل ئەڵمانیا و خانم باربارا وێلف کونسلا ئەڵمانیا ل کوردستانێ وشاندێ دگەلدا کر. دهڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا ئیسماعیل محەمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی بەحسێ ڕەوشا خەلکێ پارێزگەهێ وڕەوشا ئاوارە وپەنابەران وروڵێ ڕێکخراوێن ئەڵمانی تایبەتی روڵێ ڕێکخراوا (GIZ) وئەو خزمەتێن پێشکێتیشی خوجهێن پارێزگەهێ و ئاوارە و پەنابەران دکەن ب گشتی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ سوپاسیا حکومەتا ئەڵمانیا و ڕێکخراوێن وی وەلاتی کر ل دور ئەو هاریکارییێن بەردەوام بێن بو پارێزگەها دهۆکێ پێشکێشدکەن و خواست ئاستێ وان هاریکاری بهێتە زێدەکرن.

هەژی گوتنێ یە شاندێ ناڤبری سەرا چەند پرۆژان دا کو ب پشتەڤانیا حکومەتا ئەڵمانیا و ژلایێ ڕێکخراوا (GIZ) ل پارێزگەها دهۆکێ دهێنە ئەنجامدان وەکو چێکرنا پرۆژێ ئاڤا ناحیا فەیدیێ و ئاڤاکرنا پشکا تەنگاڤیا ل نەخوشخانا ئازادی وهتد.

پارێزگاریّ مووسل ڕێکێن 10 تاخێن سەنتەرێ شێخان ڤەکرن



خەبات ـ ئالان شهاب:

ب بەشداریا نەجم جبوری پارێزگاریّ مووسل و سەردار یەحیا عەبدولعەزیز قائیمقامیّ قەزا شێخان و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ شارەوانیا پارێزگەها مووسل و دامۆ دەزگەهێن میری بێن شێخان بکۆژمێ 1 ملیار و 500 ملیونا دینارا پرۆژێن چێکرنا ڕێکێن ناڤ سەنتەرێ شێخان هاتن ڤەکرن.

وەسیم غانم حەنون، ڕێڤەبەرێ شارەوانیا قەزا شێخان سەر ب مووسل ڤە ب خەبات ڕاگەهاند: ب درێژاهیا 2 کیلومەترا ڕێکێن ناڤ سەنتەرێ شێخان هاتن ڤەکرن ژلایێ شارەوانیا گشتی یا پارێزگەها مووسل ڤە هات بونە چێکرن ب سێ قوناغا هات بونە دروست کرن. ناڤهاتی خویاکر ئەڤ پرۆژە بۆ 10 گەرەکێن نوی بێن ناڤ سەنتەرێ شێخان هاتینە دروست کرن ب شێوەیەکێ مودێرن هاتینە قێرکرن ژبەرکۆ ئەو گەرەگ نوی هاتینە ئاڤاکرن ژلایێ وەلاتیان ڤە،کار ل سەر ڤی پرۆژەی ب دوماهیک هاتیە د نها دا کەفتیە د خزمەتا وەلاتیان دا



دەزگای خێرخوازی بارزانی
هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەتەکان دەکات

دوێنێ یەکشەمە لە دریژەی کارە خێرخوازییەکانیدا، دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای LDSی ئەمریکی ویلچەیر، پێداویستی کەمئەندامانیان پێشکەشی 20 خاوەن پێداویستی تایبەت کرد لە کەمپی دۆمیز و زاخۆ.

لەبارەی باجی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە خەڵکی پارێزگاکانی دیکەی عێراق فرۆشراون ڕوونکردنەوە دەدرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەڕێوبەرایەتی گشتی باج چاوەڕێی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ دەکات بە مەبەستی لابردنی ئەو کەسانەی ئۆتۆمبێلیان بە پارێزگاکانی خوارروو و ناوەڕاستی عێراق فرۆشتووە بۆ ئەوەی باجیان لێوەر نەگێرێت.

کەمال وەرتی، بەڕێوبەری گشتی باج تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند: ئێمە ناتوانین هیچ ناوێک لابدەین، تاوەکو وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراو ئاگادارمان دەکاتەوە.

گوتیشی: تابلۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دەدرێت بە ئۆتۆمبێلەکان و بەناوی خەڵک دەکرێت، لەلایەن ئەوانیشەوە بۆ ئێمە بەڕێوبەرایەتی باج نێردراون و تۆمار کراون، ئێمە ناتوانین باجەکان بسڕینەوە.

بەڕێوبەری گشتی باج لە هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە، داوامان کردووە، بە دروستی پێمان بڵێن ئەو ئۆتۆمبێلانەی فرۆشراون بە هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لەسەر ناویان نەماوە پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ناوەکانیان بسڕینەوە، ئەگەر ئەوەمان بە دەست گەیشت گشتاندنی بۆ دەکەین، هەرکاتێک وەزارەتی ناوخۆ وەڵامان بداتەوە ئێمە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەین.

لەکاتێکدا دەیان هاووڵاتی بەهۆی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەوە بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، هێشتا ناوەکانیان لانەبراوە و دەبێت هاووڵاتیان باج بدەن، ئەوەش گرفتی بۆ ئەو کەسانە دروست کردووە کە بازرگانی ئۆتۆمبێل دەکەن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و مهیربان
بەڕێزان، لەخانەوادەی کوێخا بەهجەت گولمکەوەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ناوچەی شوان و باوکی چوار شەهیدی قارەمان، کوێخا (بەهجەت)مان پێگەیشت.

کوێخا بەهجەت کەسایەتیەکی پایەداری کۆمەلایەتی و نیشتیمانی بوو، لە پێناو سەربەرزی و ئازادی میللەتەکەیدا چوار کوڕی شەهید بوونە. هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی دۆست و ئاشنایانتان و خزمانی ناوشوانی دەکەین.

لەپەروەردگاری مەزن داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی و بە بەهەشتی شاد بکات.

ئێمە لە خوا هاتووین و دەگەڕێینەوە لای
بارەگای بارزانی

* * *

بەڕێز، هەڵگرو حەوێز بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(ڕەوەند حەوێز)ی پراتامان پێگەیشت.

سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، هاوخەمی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبووین.

لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامیتان پێببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

ئێمە لە خوا هاتووین و دەگەڕێینەوە لای
بارەگای بارزانی

ماوەی پێشەشکردنی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا درێژ کرایەوە



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵە و ماستەر و دکتۆرا، لەهەمان کاتدا بڕیاری گۆڕانکاری لە وادەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و دەستپێکردنی ساڵی خوێندنیش کرد.

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوازیاران و پێشکەشکارانی خوێندنی باڵا ـ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و ماستەر و دکتۆرا و، لەسەر ڕاسپاردەی د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، بەمەش گۆڕانکاری بەسەر ماوەی پێشکەشکردن و تاقیکردنەوەکان و دەستپێکردنی ساڵی خوێندن دێت، گۆڕانکارییەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

ـ ماوەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا ـ دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا: تاکو ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی-2-2 2020 درێژکرایەوە.

ـ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی: ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی2020-2-10 ئەنجام دەدرێت.

ـ دەستپێکردنی خوێندن: ڕێکەوتی 1/3/2020.

بکۆژمێ پتر ژ 4 ملیار دینارا پرۆژە
ل کومەلگەها دومیز و ناحیا فەیدیێ دهێنە ئەنجامدان



ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ و نەجم جبوری پارێزگەرێ نەینەوا و عەلی خەلیل بەرپرسێ لقێ 14یێ پارتی و چەند ڕێڤەبەرێن فەرمانگەهان ل دهۆک و نەینەوا بەرێ بنیاتی بو چەند پرۆژا هاتە دانان وڕێکێن تاخەکێ سەنتەرێ ناحیا فەیدیێ هاتنە ڤەکرن.

1ـ دانانا بەرێ بنیاتی بو قێرکرنا چەند جادێن نافخویی ل سەنتەرێ کومەلگەها دومیز بکۆژمێ 277 ملیون دینارا بریارە پرۆژە دماوێ 75ڕۆژان دا بهێتە بجھ ئینان.

2 ـ دانانا بەرێ بنیاتی بو قێرکرنا چەند جادێن نافخویی ل سەنتەرێ ناحیا فەیدیێ بکۆژمێ 562 ملیون دینارا بریارە پرۆژە دماوێ 75ڕۆژان دا ب دوماهی بهێت.

3 ـ ڤەکرنا چەند جادێن نافخویی ل سەنتەرێ ناحیا فەیدیێ بکۆژمێ 477 ملیون دینارا .

4 ـ دانانا بەرێ بنیاتی بو ئاڤاکرنا هوبا چاندنێ ل سەنتەرێ ناحیا فەیدیێ بکۆژمێ 685ملیون دینارا بریارە پرۆژە دماوێ 240 ڕۆژان دا ب دوماهی بهێت.

5 ـ دانانا بەرێ بنیاتی بو ئاڤاکرنا قوتابخانەکا 12پولی ل سەنتەرێ ناحیا فەیدیێ بکۆژمێ 651 ملیون دینارا بریارە پرۆژە دماوێ 220 ڕۆژان دا ب دوماهی بهێت.

ل دور گرنگیا ڤان پرۆژان فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: ئەم بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ بخێرهاتنا پارێزگەرێ نەینەوا دکەین و خوشحالین ئەڤرو ل سنورێ ناحیا فەیدیێ چەند پرۆژا بجهبکەین کو ئەڤ پرۆژە ل سەر بودجا پارێزگەها نەینەوا دهێنە چێکرن و ئەڤ پرۆژە گرنگن و دێ خزمەتا خەلکێ ناحیا فەیدیێ و دومیز کەن کۆژمێ چێکرنا ڤان پرۆژان دناڤبرا 4 ملیار دینارا هەتا 4 ملیار و 500 ملیون دینارایە هەموو ب پشتەڤانیا پارێزگەها نەینەوا دهێنە ئەنجامدان.

ژلایێ خوڤە نەجم جبوری پارێزگەرێ نەینەوا خوشحالیا خو دیارکر کو ئەڤ پرۆژە ب هەڤکاری دگەل پارێزگەها دهۆکێ هاتینە ئەنجامدان و گوت نوکە پەیوەندییێن پارێزگەهێن دهۆک و نەینەوا زور دموکومن و دێ هەولدەین ئەڤ پەیوەندیە پتر بهێنە پێشێخستن و موکومکرن و شارەزاییێ د هەموو بواراندا ئالوگورکەین کو خەلکێ هەردوو لا مفای ژێ وەرگرن.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/1/27 ژمارە (5918)

نرخی مریشکی زیندوو گران دەبێت و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نییە

هاوواڵاتیان: نازانین بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو گرانبوونە ناپرسنەوە..؟!

مریشک فرۆشێک: ئەو کاتانەی کە نرخەکەی هەرزانە، مریشک لە بازاڕدا پڕ فرۆشترین خواردنە



بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

ماوەماوە نرخی مریشکی زیندوو لە بازاڕەکانی کوردستان گران دەبێت و زۆرجاریش هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان نابینین، هاوکات ئەو گرانبوونەیش گلەیی و گازاندەی هاوواڵاتیان بەدوای خۆی دێنێت و بە وتەی هاونیشتیمانیان بەشێکی زۆری مریشک بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەڕوات، بۆیە نرخەکەی گران دەبێت. لەبەدواداچوونێکدا وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆتەمان ئامادەکرد:

هاوواڵتیان: تێناگەین بۆچی لەناکاو نرخی مریشک گران دەبێت؟

مام مەجید لە گەڕەکی فەرمانبەران گوتی: پێشتر نرخی مریشک هەرزان بوو، بەڵام ماوەیەکە نرخەکە بۆتە سێ هەزار و 250دینار، بەردەوامیش نرخی ئەو خۆراکە سەرەکییەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گرانی و هەرزانی بەخۆیەوە دەبینێت، هیچ کەسیش خۆی بە بەرپرس نازانێت و هاوواڵتیش لەوە تێناگات ئەو گرانبونە بۆچی و هۆکارەکانی چین..؟

کەریم عەبدولقادر هاوواڵتییەکی دانیشتووی گەڕەکی ژین بوو گوتی: بەپێی قسەی مریشک فرۆشەکان هۆکاری گرانبوونی مریشک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەناردەی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق دەکرێت، بەڵام ئەوەیان ئەرکی ئیدارەی خۆجێیی هەولێرە کە نەهێڵێت یەکێک لە سەرەکیترین خۆراکەکانی دانیشتووان هەناردەی دەرەوە بکرێت، لە کاتێکدا هێشتا پێداویستی ناوخۆی پڕ نەکردۆتەوە.

لە زۆرترین گەڕەکەکانی ناوشاردا شوێنی مریشک فرۆشتن بەرچاو دەکەوێت و لەبەرگران بوونی نرخەکەی جەنجاڵی لە مریشک فرۆشەکان و گەرموگوڕی مریشک فرۆشتن کەم بۆتەوە هۆکارەکەی بۆ گرانبوونی نرخەکەی دەگەڕێتەوە لەو ڕاپۆرتەدا ژمارەیەک مریشک فرۆشمان بەسەر کردەوە.

بەختیاری مریشک فرۆش لە گەڕەکی فەرمانبەران گوتی: بەشێکی زۆری هاوواڵتیان خواردنی سەرەکیان مریشکە لەبەر ئەوەی نرخەکەی گونجاوەو خواردنێکی بەتامو‌چێژەو ئەوکاتانەی کە نرخەکەی هەرزانە لەبازاڕدا پڕ فرۆشترین خواردنە، بەڵام ئەو کاتانەی کە نرخەکەی گران دەبێت کڕیار کەمتر دەبێتەوەو خەڵکیش حەز بەمریشکی گەورە دەکەن نەوەک بچووک، داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە چیتر نەهێڵن مریشک بۆ شارەکانی خواروو‌ی عێراق بڕوات تا نرخەکەی گرانتر نەبێت.

وشیار خاوەنی دوکانێکە بەناوی جیهانی مریشک گوتی: گرانبوونی نرخی مریشک بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، وەک ڕێژیشتنی مریشک بۆ شارەکانی خواروو‌ی عێراق و لەوەرزی زستان و هاوینیش هەندێ جار نرخەکەی گران دەبێت، لە وەرزی هاوین بەبیانووی کەمی کارەباو گەرماوە، لە وەرزی زستانیش بیانوویان ئەوەیە کە تێچووەکەی زۆرە، لەگەڵ چەندین بیانووی دیکە کێڵگەکانی پەلەوەر نرخەکە گران دەکەن لەسەر مریشک فرۆشەکان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆچی لێکۆڵینەوە لەگرانبوونی نرخی سەرەکیترین خۆراکی هاونیشتیمانیان ناکەن.؟

هەر لەم بەدواداچوونەدا ژمارەیەک لە خاوەنی پرۆژەی پەلەوەر قسەیان بۆ کردین و ئەوان قسەی دیکەیان هەیە و هۆکارەکانیش پاس دەکەن.

زریان مستەفا خاوەنی پرۆژەی پەلەوەر گوتی: ئێمەی خاوەنی کێڵگەکانی پەلەوەر تا مریشک بەخێو دەکەین تووشی چەندین زەحمەتی دەبین و بەخێوکردنی مریشک ماندووبوونێکی زۆری دەوێت و مەسروفاتی زۆری تێدەچێت و هەمیشە نزا دەکەین کە زەرەرمەند نەبین، لەکاتی وەرزی زستان پێویستیمان بە گەرمکردنی هۆڵەکان هەیەو بەغاز هۆڵەکان گەرم دەکەین، کە پارەیەکی زۆربش خەرج دەکەین و هیچ کاتیش هەوڵی ئەوە نادەین نرخەکان گران بکەین، بەڵام حەقوایە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاری و هەماهەنگی تەواومان بکات، چونکە ئێمە خۆمان باجی زەرەرەکان دەدەین، کە زۆرجاریش تووشمان دەبێت.

ئەحمەد تەها خاوەنی پرۆژەی پەلەوەر گوتی: دیارە بەخێوکردنی مریشک هەم زەحمەتەو هەمیش قازانج و زیانیشی دەبێ، ئێمە ئەگەر زیان بکەین کەس باجەکەی نادات، بەڵام ئەگەر نرخەکەی گران بێت ئەوکاتە خەڵکی باسی گرانکردنەکە دەکەن، بەخێوکردنی مریشک شێوەکەی دیار نییە، مریشک هەموو کاتێک خواردنی سەرەکی هەموو ماڵێکەو بەشێکی هەرە زۆری خەڵک حەز بەخواردنی دەکەن و پزیشکەکانیش ئامۆژگاری خەڵک دەکەن کە مریشک بخۆن و خواست لەسەر مریشک گەلێک زۆرە، هەندێ خاوەن کێڵگە زەرەرێکی زۆریان کردووو کەس لێیان ناپرسێتەوە، بۆیە هەقوایە وەزارەتی کشتوکاڵ ئاوڕ لە کێڵگەکانی پەلەوەر بدەنەوەو بە دابینکردنی پێداویستییەکانیان هاوکاریان بکەن.

بۆ بەدواداچوونی زیاتر و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی دیکەش سەبارەت بە هەڵپەز و دابەزی نرخی مریشک لە بازاڕەکانی کوردستان، لەوێدا سەرۆت عەبدوڵڵا سەرۆکی کۆمەڵەی بەخێوکردنی پەلەوەرمان کرد لە هەولێر، لەوێدا سەرۆت عەبدوڵڵا سەرۆکی کۆمەڵەی بەخێوکردنی پەلەوەر ڕاگەیاند:

سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستان بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر:

بەخێورکردنی مریشک زەحمەتیی زۆری هەیە و تێچووی یەک کیلۆ مریشک دەگاتە نزیکەی 1900 دینار



سەرۆت عەبدوڵڵا دەشڵێت: لە شاری هەولێر و دەوروبەری نزیکەی 600 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر هەیە، جا ئەو پرۆژەیە بە وزەی 12 هەزار تا 100هەزار وزەی کارکردنی پلەوەر هەیە و هەر پرۆژەو بەجۆرێک پەلەوەر بەخێو دەکات، هەر خاوەن کێڵگەیەک بە پێی پەلەوەرەو ڕۆژانە خاوەنی پرۆژەکانی پەلەوەر سەردانیمان دەکەن. دیارە لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کەسێکدا خواردنی مریشک بۆتە ژەمێکی سەرەکی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئێمە هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی ئەو وەزارەتە هەیە، ڕۆژانە لەهەولدانین کە بەرهەم زیاد بکەین و هانی خاوەن کێڵگە هەولێر تا لە نزیکەوە بزانین بەرهەمی ناوخۆ چەند هەیە.

سەرۆت عەبدوڵڵا دەشڵێت: لە شاری هەولێر و دەوروبەری نزیکەی 600 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر هەیە، جا ئەو پرۆژەیە بە وزەی 12 هەزار تا 100هەزار وزەی کارکردنی پلەوەر هەیە و هەر پرۆژەو بەجۆرێک پەلەوەر بەخێو دەکات، هەر خاوەن کێڵگەیەک بە پێی توانای خۆی کار دەکات و هەندێ پرۆژە هەیە هەر لەسالی هەشتاکانەوە کار دەکات تا ئێستا، ژمارەیەک پرۆژەش هەیە لە سالی 2010 و سالی 2012 وە کار دەکات، پرۆژە بۆ پرۆژە جیاوازی هەیەو بۆ ئەوەی کار بۆ دابینکردنی بەرهەم بکەین مانگانە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی دەکەین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری ظێتەرنەری هەولێر و تیایدا باس لە چۆنیەتی بەرهەم و زیادکردن و کێشەو گرفتەکان دەکەین، باس لە ئاماری پرۆژەکانی پەلەوەرو پێداویستیەکانی شاری هەولێر لە مریشک و هێلکە دەکرێت، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە شاری هەولێر پێویستی بە چەند مریشک و بەچەند بەرهەمی مریشکی هاوردە هەیە و ڕۆژانە لە بەرهەمی مریشک و نرخەکەی دەپرسین، ئێمە هەموو هەوڵێکماندواوە کە مریشکی کێڵگەکانی خۆمان زیاتر گرنگی پێ بدەین و مریشکی هاوردەش کەم بکەینەوە ئەویش هەر لەسالی 2018 تا سالی 2019 تا چیتر پاڵپشتی لە بەرهەمی ناوخۆ بکەین و دەبێتە هاندەرێکیش بۆ خاوەنی پرۆژەکانی پەلەوەری ناوخۆ لە کوردستان و پاک و خاوێنی بەرهەمی ناوخۆ و کەمبوونەوەی بەرهەمی مریشکی هاوردە تا هاووڵاتیان زیاتر ڕوو لەبەرهەمی ناوخۆ بکەن و مریشکی ناوخۆ فرێشەو لەبەرچاوی خۆت سەردەبڕدرێت و مادەی حافیزەی تیانییە و مریشکی هاوردە تا دەگاتە دەست خەڵکی ماوەی چەند مانگی پێ دەچێت، بەڵام بەرهەمی مریشکی ناوخۆ دەمودەست و بە خاوێنی دەگاتە دەست هاووڵاتیان.

هۆکاری گرانبوونی مریشک

دواتر سەرۆت عەبدوڵڵا سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتی: هەموو جۆرە کەلوپەلێک چ خواردن بێت یا هەر شتێکی دیکە خواست و داواکارییە و هەر کاتێک مریشک خواستێکی زۆری لەسەر بێت ئەوا مریشکی زیاتر ساغ دەبێتەوە لەبازاڕەکان ئەو کاتەش نرخەکە گرانترو خواستی زیاتر دەکەوێتە سەر مریشک بەڵام ئەو کاتانەی کە خواست لەسەری کەم بێتەوە نرخیش دادەبەزێت، ئێمە ئەگەر سەیری بەرهەمی خۆمان بکەین پێویستە سەیری تێچووی بکەین وەک لە وەزری زستاندا مریشک لە نرخی 1900 - دوو هەزار کەمتر بفرۆشرێت ئەوا خاوەنی کێڵگەکە زەرەرمەند دەبێت لەبەر ئەوەی لەوەرزی زستان تێچووی گەرم کردنەوەی هۆڵەکانی پەلەوەر زیاتر دەبێت ولەوەرزی هاوینیشدا سارد‌کەرەوەی دەوێت پێویستە هاووڵاتیان ئەوە بزانن، کە نرخی مریشک گران نییە لەچاو پێداویستیەکانی دیکەی ژۆانە بۆ نموونە نرخی یەک نەفەر کەباب بە 10 هەزار دینارەو یەک کەس دەیخوات، بەڵام مریشکێکی دوو کیلۆو نیو خێزان دەیخوات و نزیکەی هەشت تا نۆ هەزار دینار دەکات بە بەراورد لەگەڵ نرخی مریشکەکە هەرزانترە و ئێمە لەگەڵ گرانبوونی نرخی مریشک نین و هەموو کاتێک لە نرخەکەی دەکۆڵینەوە، ئەگەرچی بەخێوکردنی پەلەوەر هەروا ئاسان نییە ئەوەی کە هاووڵاتیان تێی دەگەن و لەوەرزی سەرماو گەرمادا مریشکیش تووشی نەخۆشی دەبێت و زۆرجار خاوەنی کێڵگەکانی پەلەوەر تا مریشک بەخێو دەکەن تووشی چەندین زیانی مادی دەبن، بەڵام هەرگیز هانی ئەوە نادەین کە نرخەکان گران بێت پێویستە هاووڵاتیانیش ئەوە بزانن کە بەخێوکردنی مریشک زەحمەتی زۆری تیایە، ئەگەر تێچووی مریشکێک بگاتە **1900** دینار ئەی خاوەن کێڵگە بەچەند بیخاتە بازاڕەکان و هەمیشە بە خاوەنی کێڵگەکانمان ڕاگەیاندووە کە هەوڵی گرانکردنی مریشک نەدەن ئەو هەڵبەزو دابەزینەی مریشک کاتییەو چاک دەبێت.





ئالایێ کوردستانێ ل کوربەندا داڤوسێ



خالد ئەحمەد بادی

بەردەوام جیهان ودەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست بەرەڤ ئالوزی ودوبارەکی وهەڤرکیێن مەزن ڤە چویە وئەگەرێ سەرەکی ژی ئەو هەلویست وهەڤرکیێن مەزن لناڤبەرا دەولەت و وەلاتێن هەرێمی وروژئاڤایی وجیهانی کو پرنسیپا پاراستنا بەرژەوەندیێن بلندێن خو بخو نە وتێکەل کرنا پرسێن سیاسی و ئابوری ومەزهەبی ودارایی وناوچەیی و جیوگرافی و ئایینی نە.

رەوشا روژهەلاتا ناڤەراست و وەلاتێن ئاسیەوی و یێن هەرێمی ئالوزی بخوڤە دیتیە و روژ بو روژ هەڤرکیێن زێدەتر پەیدا دبن لگورەپانا جیهانی وئابوری دا .کوردان ڤیابایە یان نەڤیابایە دبونە لایەنێ بەشدار دشەرەنیخ وهەڤسەنگی و دئالوزیا دا چونکە ئەردێ کوردستانێ یێ زەنگینە ب هەمی ماددە وکانزایان .کوردان قوناغێن جودا جودا بوراندینە وسەرکەفتن وشکەستن ونەخوشی وبێ بەهری هەمی دیتینە و قوناغێن بەرخودان وشورەشان وقوناغێن چەکێ قەدەغەکری وئەنفال وئاوارەیی وسەرهلدان وحکومەت وپەرلەمانێ هەرێمێ وشەرێن فەرزکری وقوناغێن رێکخراوێن تیرورستی وبتایبەت داعشا خوین میژ وتا گەهشتینە ڤی سەردەمی کو وەرچەخانەکا دیروکی دروست ببیت وب فەرمی کورد وهەرێما کوردستانێ بەشداریا کوربەندا ئابوری یا جیهانی یا داڤوس بکەن .کوربەندا داڤوسێ سالانە ل باژێرێ داڤوسا سویسری دهێتە ئەنجام دان ب پشکداریا پتریا وەلاتێن مەزن وزلهێز وخودان بریارێن جیهانی. ئاماژەییێن باشیێ وسەرکەفتنێ نەکو پشتی بویەرێن (16) ئوکتوبەرێ ودربەکێ کوژەک ب هەمی تشت نینن کو مەحال (مستحیل) بیت وئەڤ کومبونە ژ بوشایێ نە هاتیە و بتایبەت دبوچون وهزرێن ئەمریکی دا وئەو چ کاران بێ دیراسە ناکەن بەلکو دەمێ کارەکێ گرنگ وهەستیار دکەن ب هزر وبوچون ودویڤچون دکەن نەخاسم کو سەروکێ هەرێمێ بەری سەروکێ عیراقا فیدرال ودانانا ئالایێ کوردستانێ لداڤوس ول دیدار وکومبونا ترامپی ئەڤە هەمی ئاماژەییێن باشیێ نە بو مللەتێ کورد وهەریما کوردستانێ ویا ژهەمیان گرنگتر کو کوچکا سپی ئەنجامێن کومبونا هەردوو سەروکان راگەهاندن وگوت کومبونەکا مفادار بو لناڤبەرا بارزانی وترامپی وگوت دێ شریکاتی وهاریکاری ود وستایەتی لناڤبەرا هەرێم و ئەمریکا بەردەوام بیت وبتایبەت لسەر ژناڤبرنا رێکخراوێن تیرورستی وبتایبەت داعشێ .هەر دیسان پەسنا ترامپی بو بارزانی کو بارزانی بناڤ کری ب جەنگاوەرێ مەزن ئانکو (المحارب الکبیر) ئەڤە هەمی ئاماژێن خوشی وسەرکەفتنێ نە بو مللەتێ کورد وکوردستانێ .براستی بەشداریکرنا کوردان وسەروک بارزانی دکوربەندا ئابوری یا جیهانی یا داڤوس دا وەرچەرخانەکا دیروکی یە وڤەرە ئەڤ بویەرا گرنگ ب پیتێن زێرین وکوبرکری بهێتە تومار کرن دڤەرهەنگا مللەتێ کورد دا وبهێتە تومارکرن وەک سەرکەفتنەکا دیروکی یا مللەتێ کورد .هەر بەرز وبالا بیت ئالایێ پیروزێ کوردستانێ.



سەڤان هالو

هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەت و بەرێز نێچیرڤان بارزانیش وەک سەرۆک دەوڵەت لە داڤۆس

بانگهێشت کردنی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بو کوڕبەندی ئابوری جیهان لە داڤوس واتا و مەغزاییێکی زور دەگەیەنێت هەرێمی کوردستان وەک تاکە هەرێم لە نێو دەوڵەتانی بەشدار بو لەم کوڕبەندە جیهانیە وەک دەوڵەتێک هەم پێشوازی لێکرا و هەم بەشدار بوو، بێگومان ئەم بایەخدانە بە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی کە بینیمان هەروا لە خورا نەبووە و نیە، بەڵکو لە ئەنجامێ ئەو سیاسەت و دیبلوماسیەتە بە هێزەی کارەکتەرە سیاسی و دیبلوماسیەکانی وەک رێزداران نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانیە کە هەم لە سەر ئاستی کوردستان و عیراق و هەم لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دا ڕۆڵی بە هێزو کاریگەریان تێدا گێڕاوە لە ڕوی سیاسی ،ئەمنی، ئابوری،دیبلوماسی،وە تاد. هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی بارزانی دا توانیویەتی بە هوی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە گەڵ عیراق و ناوچەکە بە گشتی و دەوڵەتە هاوسنورەکانی کوردستان بە تایبەتی توانیویەتی لە ناوچەییێکی پڕ لە ئالۆزی و نائارام دا بە ئارامی و سەقامگیر بمێنێتەوە ئەم ئەمنیەت و ئارامیەی کە لە هەرێم دا بونی هەیە بووتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتان ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە بویتە پەناگەییێکی ئارام بو هەمو ئەوانەی کە لە ترسی هەڕەشەی تیروریستان بو سەر گیان مالْ و کەرامەتیان لە عیراق و دەوروبەر کوڕبەندی ئابوری جیهانی لە داڤوس زوربەی هەرە زوری سەرۆک دەوڵەتان و وەزیرەکان و کومپانیا زەبە لاحەکانی جیهانی لەخو گرتوو. بەڕێز نێچیرڤان باررانیش وەک سەرۆکی کوردستان داوەت کرا و پێشوازیش لە سەرۆکی کوردستان وەک سەرۆکی دەوڵەتێک بوو لە ڕوی پڕوتوکولیەوە وهەڵکردنی ئالای کوردستانیش ئاماژەێکی ڕوونە بۆ ئەم ڕاستییە ، کەواتە ئەمڕو پێگەی سیاسی هەرێم پێگەێیکی بە هێزە و هەروەها پەیامێکی بە هێزیش بۆ ئەم بەشداریکردنەی هەرێم بەم شێوەیە بۆ هەموو ولاتانی ناوچەکە. لە کوتاییدا دەڵێم ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ هەمو گەلی کوردستان بە بێ جیاوازی و پێویستە کوردیش لەم دەرفەتە زێرینە مفا وەربگرێت لە هەمو ڕوێکەوە تاکو بتوانێت بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو بهاوێژێت.

ناکۆکیەکانی نێوان مەرجەعیەی نەجەف و مەرجەعیەی قوم



پارێزەر/ عومەر سەیدزادە

خڕپیشاندانەکانی ئێستای عێراق زیاتر ئەو ناکۆکیانەی ئاشکرا کرد کە لە نێوان هەردوو مەرجەعیەی شیعەکان (نەجەف) بە ڕابەرایەتی عەلی سیستانی و مەرجەعیەی (قوم) بە ڕابەرایەتی عەلی خامەنەئی هەیە.

خۆپیشاندەران داوای چونە دەرەوەی ئێران دەکەن لە عێراقداو مەرجەعیەی نەجەفیش پشتیوانیان لێ دەکات، هەروا لەکاتێکدا ئێران بە ناراستەوخۆ داوای لە حکومەتی عێراق کردووە بە زەبری هێز کۆتایی بەو خۆپیشاندانانە بهێنێت مەرجەعیەی نەجەف داوای لە حکومەت کردووە هێز بەکار نەهێنێ و خوێن نەڕێژێت، ئەمانە ناکۆکیەکانی نێوان نەجەف و تارانی زیاتر دەرخست، ناکۆکیەکانیشیان لەسەر چەند خاڵێکە کە ئەمانە سەرەکیەکانن:

1- بابەتی ویلایەتی فەقیە:- (ولایە) واتای حاکمیەت و ڕابەرو ئیمامە، (فەقیە)یش واتە ئەو زانایەی لە بواری ئاییندا گەیشتوتە پلەی (اجتهاد) کە بەرزترین پلەی زاناییە لە ئاییننی ئیسلامدا، لە عەقیدەی شیعەی دوازدە ئیمامیشدا (ولی فەقیه) نوێنەرو وەکلیی ئیمامی دوازدەهەمە کە (محمد کوری حەسەن کوری عەلی ئەلمەهدی)ە بە بروای ئەوان دوا ئیمامی شیعەکانەو مەهدی مونتەزیر بە خۆیەتی و پێش زیاتر لە هەزار ساڵ بە ویستی خودای گەورە لە تەمەنی **6** و **7** ساڵیدا لەم جیهانە ون بووە بۆ ئەوەی لە کۆتایی زەمان بگەڕێتەوە بە پێی قورئانی پیرۆز حوکمی ئەم جیهانە بکات و ئایینی ئیسلام بە سەرتاپای دونیادا بڵاو بکاتەوە.

لە باوەڕی ئەواندا ئیمامی دوازدەهەم وەکیلی هەیە کە تاکو ئەو ڕۆژەی ئەو بەدەر دەکەوێتەوە ئەو وەکیلانەی کە بە (وەلی فیقە) ناسراون ڕابەرایەتی شیعەکان دەکەن، واتە لە باوەڕی ئەواندا ئایین سیاسەتیشەو پێویستە (وەلی) فەقیە دەسەلاتی سیاسیشی بەدەستەوە بێت و لە جیاتی ئیمامی دوازدەهەم ئیمامەتی خەڵکی بکات، سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، بەڵام مەرجەعیەی نەجەف بڕوای بە سیستەمی ویلایەتی فەقیە نیەو پێی وایە ئەرکی حەوزەی ئایینی تەنیا ئیرشادو ڕێنوێنی و ئاموژگاری کردنی پەیڕەوکارانیەتی و پێی وایە نابێت دین و سیاسەت تێکەڵ بکرێن و مەسافەیەکی لە نێوان خۆی و دەسەڵات بەجێبهێشتووە. ئەمە خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان هەردوو مەرجەعیەتە.

2- ناکۆکیەکی دیکە بابەتی سەربەخۆیە، مەرجەعیەی (قوم) دەیەوێت هەموو مەرجەکانی شیعە سەر بە (قوم) بن و ملکەچی ویستەکانی ئەو بن بە تایبەتی لە هەنارده کردنی شۆرشەکەیان بۆ دەرەوەی ئێران.

لە دوای **2003**ەوە حکومەتی ئێران بە بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتە سیاسی و ئەو توانا ئابووریەی هەیەتی هەوڵی داوە دەست بەسەر حەوزەی نەجەفەو ئەوکات سەرۆکی ئێستە نجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیەکانی ئێران بوو) دەستنیشان کردبو بۆ ئەوەی لە دوای وەفاتی عەلی سیستانی ببێتە ڕابەری حەوزەی نەجەف، ناوبراو لە ئەیلولی **2017** سەردانی عێراقی کردوو چووە نەجەفدا، تەنانەت لە ساڵی **2017** تاران کەسایەتیەکی وەک (ئایەتوالله مەحمود هاشمی شاهرودی کە لە دایکبوی نەجەفەو ئەوکات سەرۆکی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیەکانی ئێران بوو) لە دوای وەفاتی عەلی سیستانی لە هەڵبژاردنی (**2017/9/5**) بۆ بینینی مەرجەعەکان و بە تایبەتی عەلی سیستانی بەڵام لەلایەن هەر چوار مەرجەعەکەی نەجەفەوە پێشوازی لێ نەکرا،ئەوەش بە پەیامێکی ناراستەوخۆی نەجەف بۆ تاران لێکدرایەوە بەوەی بە ڕۆڵی ئیران لە عێراق رازی نین و حەوزەی نەجەف دەیەوآ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و ئامادە نییە بیخاتە ژێر هەژمونی ئێرانەوە.

3- ناکۆکیەکی دیکەی نێوان نەجەف و تاران لەسەر ڕۆڵی (حەشدی شەعبیە) نەجەف دەیەوێت ئەو هێزە ببێت بە بەشێک لە هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەڵام تاران بەوە ڕازی نییە.

4- هەروا نەجەف پێی باشە عێراق دەرگای بەڕەو ڕووی سعودیە بکاتەوە بەڵام تاران زۆر دژی ئەو ئاراستەیەیە.

ئەمانە ناکۆکیە سەرەکیەکانی نێوان (نەجەف) و (قوم)ن کە لە تارانەوە سیاسەتەکەی دادەڕێژرێت بۆیە سەیر نییە کاتێک دەبینین سیستانی ڕووبەرووی ویستەکانی ئێران بۆتەوەو ڕاستەوخۆ پشتگیری لە داواکانی خۆپیشاندەران دەکات لە گێڕانەوەی سەربەخۆیی بۆ حکومەتی عێراق و کۆتایی هێنان بە بااڵدەستی ئێران لە عێراقدا، خۆپیشاندەرانی عێراقیش کە دژی هەژمونی ئێرانن گواآ بۆ مەرجەعیەتی عەلی سیستانی دەگرن.



پرۆژەیاسای چاکسازی.. هەنگاوی یەکەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

خەبات: تریفە ئازاد

پرۆژەی چاکسازی کە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمنتاران تێپەڕی هەر لەسەرەتاوە لە لایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزاو خەڵکی حەوامی شەقام بە ئەرێنی باسی لێوە کرا چونکە جگە لە ئەو چاکسازییە ئیداربیەی بە ناوەڕۆکی خۆیەوە دەگرێت هاوکات جۆرێک لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت.



جوان یونس ڕۆژبیانی:

پرۆژەیاسای چاکسازی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کوردستان

چاکسازی لە هەموو دەرمالّەو موچە و ئەو خانەنشینانە دەکرێت کە نا یاسایین

جوان یونس ڕۆژبیانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی پارتی لە بارەی پەسەند کردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پرۆژە یاسای چاکسازی ئەولەوییەتی بەرنامەی کاری هەڵبژاردنی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو ، کە چاوی خەڵکی زۆر لەسەر بوو بە تایبەت خانەنشینی پلە بالاکان. دوای ئەوەی پرۆژە یاساکە لەلایەن حکومەتەوە نێردرایە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەرکرا. زۆربەمان ئەو مادەیەمان ڕەت کردەوە کە منیش یەکێک بووم لەوان کە باس لە خانەنشینی گەنجان دەکات کە ئەو مادەیە لە پەرلەمانەوە زیاد کرابوو لە ئەسڵی پرۆژەکەی حکومەتدا نەبوو کە هاتە پەرلەمان . وە من بڕوام وایە ئەگەر ئێمە لە ئیمتیازاتی خۆمانەوە دەست پێنەکەین، زۆر ئەستەمە بتوانی داوای چاکسازی لە بواردکانی تردا بکەین. ئێمە داوامان کرد بە یاسایی ئەو بڕگەیە نەمێنێ وە جارێ زۆر زووە بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکرێ خانەنشینی وەرناگرن، کەی خولی پەرلەمان تەواو بوو ئەو کات دەبێ باس لەوە بکرێ وەربدەگرن یا نا. جارێ پرۆژەکەش نەبووە بە یاسا ڕاستە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە بەڵام تا سەرۆکی هەرێم واژووی نەکا نابێتە یاسا. پرۆژە یاسای چاکسازی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کوردستان. ماددە بە ماددەی ئەم پرۆژە یاسای چاکسازییە گرنگی خۆی هەیە و چاکسازی لە هەموو دەرمالّە و موچوە و ئەو خانەنشینانە دەکرێت کە نا یاسایین ، گرنگترینیان هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی هەموو ئەوانەی کە بە پلەی وەزیر، بریکاری وەزیر یا هەر پلە تایبەتێکیتر بێ ئەوەی ئەو پلانەیان هەبووبێت خانەنشین کراون. کەم کردنەوەی ڕێژەیەکی زۆری خانەنشینی پلە بالاکان کە داهاتێکی باش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت. وەرگرتنەوەی قەرزێکی زۆری کۆمپانیاکان و گەرانەوەی بۆ حکومەت، گەرانەوەی پاشەکەوتی موچوە لە ڕێگای هەژمارێکی بانکی و کۆمەڵێک خاڵی گرنگیتر. گرنگییەکی تری ئەم پرۆژە یاسایە لەوەدایە کە دەبێتە سەرەتای کۆتایی هاتنی گەندەڵی و پرۆژە یاسای چاکسازی تریشی بەدوای دا دێت لە سێکتەرەکانیتر و، بەشێکی زۆر لەو کەموکوڕییانەی لە بواردە جیاوازەکان هەیە کە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر بژێوی ژیانی هاوڵاتیان لەلایەک و گرانکردنی ئەرکی حکومەت لەلایەکی تر، بنبڕ دەکات.

بەئومێدەوە چاوەڕوانی چاکسازی وردی کۆمەڵایەتی و بنەڕەتیم کەلەبەرژەوەندی چینی هەژاران سندس حسین: ئەم پرۆژەیە بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لە گوتاری دەستبەکاربوونیدا بەڵێنیدا پرۆژە یاسای چاکسازی بنێرێتە پەرلەمان و بەڵێنەکەشی لەکەمترین کات بردە سەر .. ئەمەش ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە لەئێستادا . بەڕای من لە ئێستادا باشترین یاسای پەرلەمانی کوردستانە لە مێژووی دامەزراندنییەوە کە بەئاراستەی چاکسازی و دادپەروەر دەرچوێندراوە و پێویستە هەمووان بەبایەخەوە لەم هەنگاوەی دەستخۆشی بکەن و پشتگیری هەنگاوەکانی بکرێ تا بتوانرێت لەسەر بونیادێکی دروست و پتەو چاکسازیەکان بونیاد بنرێ کە هیچ کون و کەلەبەرێکی نەمێنێ بۆ دزە کردن و جێ بوونەوەی گەندەڵکاران.. هەروەها ئەوەی جێگای بایەخە لەم یاسایەدا ماف و مووچەی هیچ کەسێکی شایستە نابڕدرێت بەتایبەتی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەنایاسایی دوومووچە یان زیاتری هەیە دەبڕدرێ .. وەک سەرۆکی حکومەت خۆی دەڵێت ئەمە هەنگاوی دەستپێکە بۆ چاکسازی لەگشت کەرتەکانی دیکەش بەردەوامی دەبێ و لەبەرنامە و پرۆژەی حکومەتدایە لەداهاتوو پرۆژە یاسای هاوشێوە لەبوارەکانی دیکەش بنێرێتە پەرلەمان وئەوەی سەرنجماندا زۆرترین گلەیی تاکەکانی کۆمەڵگابوو سەبارەت بە موچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بوو کە وەک نوێنەری خۆیان هەڵیانبژاردوون بۆ نوێنەرایەتیان لە پەرلەماندا نەیانتوانی بە جورئەتەوە بڵێن نا بۆ خانەنشینیمان .. و پلە بالاکانیش وەک پێویست هاوتانەکراوەتەوە..کە دەکرا ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێت و خانەنشینی پەرلەمانتار نەمینێت ... لەگەڵ ئەمەشدا من گەشبینم بە بریاری بژاردەی ئارەزوومەندانە بۆ خانەنشینبونیان کە لەبەردەم پەلەمانتاراندا دانراوەو هیچ دەرفەتێک بۆ موزایەدە ناهێلێتەوە ، پێش ئەم هەنگاو دەنێ ئەمەش بۆ ئێمەی لاو جێگای دڵخۆشیە لەبەر ئەوەی لەسەرەتاکانی کابینەکە دروشمەکانی چاکسازی بە کردار کراون ئاماژەکانی ئەکتیڤ بوون خستنە سەر ڕێگای ڕاست حکومەت دەرکەتوون .هەر لەم مینبەرەوش داوا لە تیمی حکومەت دەکەم کە دیار کراون بۆ ڕێکخستنی و دروست کردنی پرۆژەکانی تری بفرۆشنەوە.

لەڕوانگەی ئەو شتانەی باسم کرد ئەومان بۆ ڕوونەبێتەوە کە کابینەی نوێ لەسەر ئەو کارنامەی کە پێشتر ڕاگەیاندوە کار دەکات و بەرەو کوردستانێکی بەهێز چاکسازی هەرچی زووە پرۆژەکانیان ئامادەکەن ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی بکەن لەبەر ئەوەی زیاتر دەرگاکانی گەندەڵی دادەخرێت بەسەر گەندەڵکاران.



هەرێم شوکر:

ئاڵا هەڵگری پرۆژەکانی چاکسازی حکومەت خۆیەتی

هەرێم شوکر، وەک لاوێک لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە بڕوای من یاسای چاکسازی یاسایەکی گرنگ و پربایەخە لەبەر چەند هۆکارێک لەگرنگترینیان شتێک کە بە پێچەوانەی هەموو پرۆژە و یاساکانی خولەکانی تر بووە کە ئەمجارە چاکسازییەکە لە پلە بالاکان یاخود ئەو دەستەواژەی لای خەڵک باوە " لە خۆیانەوە " دەستیان پێکرد . لەلایەکی تر دەتوانێت یەکسانیەک لەنێوان موچەی ئاستە جیاوازەکانی پلەی فەرمانبەرایەتی کەم بکاتەوە ، لەلایەکی تر لیستەکانی شەهیدان و زیندانی سیاسی لە کەسانی نا مستحق پاک دەکەرێتەوە ، وە دەرمالّەکان ڕێکدەخرێنەوە کە جیاوازیکی زۆر هەیە لەنێوان دەرمالّەکان . کۆمەلێک هۆکاری تر .ئەوەی کە جێگا و ئومێدی هاوڵاتیانە ئەوەیە سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاندوە ئەمە سەرەتای پرۆسەی چاکسازیە کە چەندین سێکتەری تر پرۆژەی چاکسازیان بۆ ئامادەکردوە، وە لەلایەکی ترەوش پرۆژەکانی چاکسازی لەبری ئەوەی پرۆژەی خودی حکومەت ئەمەش وا دەکات جۆرێک لە دڵنیایی لای هاوڵاتیان دروست بێت . وە بە بڕوای منیش باشترین تقیم (هەلسەنگاندن) بۆ باشی و خراپی پرۆژەکە بریتیە لە ڕێگر بوون یا بایکوت کردنی فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نێو پەرلەمان چونکە وەک ئاشکرا ئۆپوزسیۆن لە دژی



وەیسی سەعیدوەیسی

یاسای چاکسازی وەڵامدانەوەی خواستی جەماوەربوو

پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنی ژمارە (15) پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکەی پەسندکرد کە ئەمەشیان بەشێکی هەرەگرنگی کارنامە و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لەهەمان کاتیشداخواستی گەلی کوردستان بووە ڕاستگۆی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی سەلماندی کە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ڕابردوودا بە هاوولاتیانی دابوو چونکە لە ناو پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنی پارتی پاڵپشت و پارێزەی سەرەکی پرۆژە کە بوون وە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیش کەبەسەرپەرشتی سەرۆک مسعود بارزانی کۆبووە پشتیوانی خۆیان بۆهەوڵ وکۆششەکانی دامەزراوە یاسایی دەربری بۆ ئەنجام دانی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان هەرچەندە زۆر هەوڵ لەئارادابوون تا لەژێربیانووی هەمە جۆرفر مێسکی تیمساحی بۆ پرۆژە یاساکە بڕێژن بەڵام ئیرادەی چاکسازیخوازن ئەوەندە بەهێزبوو سەرکەوت وپرۆژە کەپەسندکرا لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کەئەمەش خواستی کوردستانیان بوو کەپێشترلەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەڵێنی بەدیهێنانی دادپەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی کردن درابوو. بۆیەش پەسندکردنی پرۆژە کە جگەلەوەی جارێکی ترموچوە ڕێک دەخرێتەوە و داهاتەکان بەشێوەیکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێنەوە و کارەکان شەفاف دەبن و بەدادپەروەرانە بەرێوەدەچن و چیتر لەژێر هەر ناو و بیانوێک ڕێگە نادرێت سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت و بەمیزاج و نایاسایی پلەبەرز بکرێتەوە یان خانەنشین بکرێن لەهەمان کاتیشداپاشەکەوتی موچوەش لەناو یاساکەدا جێگیرکرا کەئەمەش سەرەتایەک بەرەوچاکسازی لەهەموسێکتەرەکان چونکەپرۆسەکە بەردەوامی دەبێت. کەبەدڵنیایەوە خەڵکی کوردستان چاوەروانی هەنگاوی تریش دەکەن بەتایبەت لەئێستادا کە بەمەبەستی پەسندکردنی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراتا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژوو بکرێت کەئیدی یاساکە دەچێتەبواری جێبەجێکردن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٦) هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٩٦٤٥ بەروار ٢٠١٩/٧/١٠ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی رافد غازی رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد / ٢٧٦٣/ت.د/٢٠١٩
التاريخ / ٢٢ /١ /٢٠٢٠
الى / المنفذ عليه (عيسى قرطاس محمد)
م / تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

عليكما الاضبارة التنفيذية المرقمة (٢٧٦٣ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (٧٤٧٠٠٠٠)سبعة مليون واربعمائة وسبعون الف دينار عراقي فقط ونظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة قسروك المرقم (١٢٨) في ٢٠٢٠/١/١٩ عليه قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين رسميتين للحضور في مديريتنا او ارسال من ينوب عنك وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونية بحقكما بعد مرور الفترة القانونية (١٥) يوما

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ١٩٨٨/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (رعد توفيق سلمان)

داواکار (راضيه احمد معروف) داوای ژمارە (١٩٨٨/ب٢٠١٩/٥) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیاری بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کوێستان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٢/١٣) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٣١٥١/ب٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو بان کنعان عبدالعزيز

داواکار (ساجده جادر سلگان) داوای ژمارە (٣١٥١/ب٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیاری بەپێی اشعاری مختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی هەڤالان ژمارەی خانوو (٧/٤٣٤) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٢/١٨ بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٧٨٣/ش٢٠١٧/٥
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/١٦
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (ئالا طلعت حسن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ عبدالله انور محمد داوای ژمارە (٧٨٣/ش٢٠١٧/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفی نسب) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٢/١٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

* * *

دادگای بەرایی تەق تەق
ژمارە: ٧١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
ئاگاداری
داواکار/ امل عزيز كاظم
داوالێکراو/ کاژین احمد قادر/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٧١/ب/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٧ بڕیاری داوە بە نەهێشتنی هاوبەشی ازالة شیوع پارچە زەوی ژمارە (٦٢/٥) کەرتی (١)ی تەق تەق بەفرۆشتنی و دابەشکردنی نرخەکەی لە نێوان هاوبەشەکان وە هەریەك بەرێژەی پشکەکەی بەپێی دابەش نامەی شەرعی وە لە ئەستۆگرتنی خەرجی داواکە و ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەلایەن هاوبەشەکان هەریەك بەپێی پشکەکەی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا بەئاگادارکردنەوەت بەبڕیارەکە لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وە مافی تانە لێدانت هەیە لەبڕیارەکە بەرێگای نارازی بوون و پێداچوونەوە لەماوەی ١٠ دە رۆژ لە بەرواری بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە.

دادوەر/ محسن صالح محمود

* * *

دادگای بەرایی تەق تەق
ژمارە: ٧١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
ئاگاداری
داواکار/ امل عزيز كاظم
داوالێکراو/ محمد احمد قادر/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٧١/ب/٢٠١٩ لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٧ بڕیاری داوە بە نەهێشتنی هاوبەشی ازالة شیوع پارچە زەوی ژمارە (٦٢/٥) کەرتی (١)ی تەق تەق بەفرۆشتنی و دابەشکردنی نرخەکەی لە نێوان هاوبەشەکان وە هەریەك بەرێژەی پشکەکەی بەپێی دابەش نامەی شەرعی وە لە ئەستۆگرتنی خەرجی داواکە و ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەلایەن هاوبەشەکان هەریەك بەپێی پشکەکەی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا بەئاگادارکردنەوەت بەبڕیارەکە لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وە مافی تانە لێدانت هەیە لەبڕیارەکە بەرێگای نارازی بوون و پێداچوونەوە لەماوەی ١٠ دە رۆژ لە بەرواری بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە.

دادوەر/ محسن صالح محمود

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٥
ژمارە: ٤٤١٢/ ش / ٢٠١٩
بەروار: ١٧ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : برزان جلال عبدالله
داوالەسەرکراو : حليمه شريف ايران نژاد

داواکار (برزان جلال عبدالله) داوایەکی بە ژمارە (٤٤١٢/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە لەم داوایە داوای (تەڵاقدان پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/٢/١٦) سەعات (١١:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێ ی یاسا .

دادوەر / قادر محمد نوری

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٢٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری

لدويف بریارا مە یا ژمارە (٣٢٧/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقاری ژمارە (٩٩٥/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکەت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو رۆژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٦٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەشتنا وی ئاقاری بوبکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

دادوەر/ یوسف الياس سدن

سەخلەت: جورێ ئاقاری مولکینی یەو رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٨٥,٠٧)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ، نە ئاڤ و نە کارەب.

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣١٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری

لدويف بریارا مە یا ژمارە (٣١٩/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقاری ژمارە (٩٩٩/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکەت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو رۆژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٠٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەشتنا وی ئاقاری بوبکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

دادوەر/ یوسف الياس سدن

سەخلەت: جورێ ئاقاری مولکینی یەو رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٩٤)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ، نە ئاڤ و نە کارەب.

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٢٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری

لدويف بریارا مە یا ژمارە (٣٢٤/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقاری ژمارە (٩٩٨/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکەت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو رۆژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٠٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەشتنا وی ئاقاری بوبکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

دادوەر/ یوسف الياس سدن

سەخلەت: جورێ ئاقاری مولکینی یەو رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٧١,٠٧)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ، نە ئاڤ و نە کارەب.

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٢٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری

لدويف بریارا مە یا ژمارە (٣٢٨/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقاری ژمارە (٩٩٦/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکەت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو رۆژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٦٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەشتنا وی ئاقاری بوبکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

دادوەر/ یوسف الياس سدن

سەخلەت: جورێ ئاقاری مولکینی یەو رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٨٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ، نە ئاڤ و نە کارەب.

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو
ژمارە: ٣٨٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٩
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (جلال احمد سعيد)

ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا سێدارەدانێ (الاعدام شنقا حتى الموت) ل دويڤ ماددێ (١/٤٠٦/ز /٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩) ژ یاسایا سزا د کێشا ژمارە (٣٨٠/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مەهەت ب ژمارە ٢٠١٨/٣ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریار حازربوونێ بیت.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو
ژمارە: ٤٤٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٩
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (قتيبه عبدالله رسول)

ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ (شەش سالان) ل دويڤ ماددێ (٢/٤١٢) ژ یاسایا سزا د کێشا ژمارە (٤٤٠/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن برایەتی ب ژمارە ٢٠١٨/٢٤ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریار حازربوونێ بیت.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو
ژمارە: ٤٢٨/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (وارشين صادق محمد خليل)

ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ (حەفت سالان) ل دويڤ ماددێ (٤٧/٢٨١ ، ٤٨ ، ٤٩) ژ یاسایا سزا د کێشا ژمارە (٤٢٨/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب ژمارە ٢٠١٨/١٨٤ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریار حازربوونێ بیت.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٠٣/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٩
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ صادق حجی احمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٠٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ب هژمار ٢٠١٩/٩٥ ل سەر ماددێ ٤٥٢ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ١٧٠/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٥
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ جبار علي حسن

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نەهێلانا هوشبەری ب هژمار ٢٠١٥/٦١ ل سەر ماددە (١٤ بێهوش) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٤/٥ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيباري
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٧٩٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٦
جاڕدان

دادخواز (بەناز عبدالله قادر) پێشنیاری دادگای باری کەسی هەولێری کردوە داوا دەکات کە بکرێتە (دەسەڵات بەندو سەرکار) لەسەر (وون بوو) بەناوی (محمد علي خواده) لە بەرواری ٢٠١٤/٦/١٥ بەپێی فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوە لەبنکەی دادگای لێکۆڵنەوەی (هەولێر) ژمارە (١٦٤) لە ٢٠٢٠/١/٨ لە بنکەی پۆلیسی (باداوە). بۆیە بڕیارماندا بە جاڕدان بۆ نارازی کە نارازین لەسەر ئەم بڕیارە بۆیان هەیە مراجعەتی ئەم دادگایە بکەن بۆماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاڕدانە بە پێچەوانە دادگا هەڵدەستێ بە دانانی (بەناز عبدالله قادر) بەسەرکار لەسەر وون بوو.

دادوەر/ صباح قادر كاملا

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٢٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢١
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ هۆشنەگ فخرالدين رمضان و رودی فخرالدين رمضان و خالد فخرالدين رمضان و الاء فرحان عثمان
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٢٩/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنتان بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ بۆ هەر یەکەتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بەپێی ماددەی ٤٢١ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٨٧/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ محمد مصطفى محمدامين
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٨٧/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٨ بەپێی ماددەی ١/٤٠٦/أ- لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٦٦/ج/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عبدالخالق ويسى حمد
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٦٦/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/١٨ بەپێی ماددەی ١/٤٠٦/أ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٩١/ج/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ رياض رشيد ميكائيل
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٩١/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٨ بەپێی ماددەی ١/١/٤٠٦-د لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٩٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ پۆلا دلشاد حسن ممند
ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٩٠/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ بەپێی ماددەی ١/٤٠٦-د لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٣٩٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هاشم خالد حمدامين)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٧٩/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (لوند حسين عباس)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢١ لە یاسای هاتووچۆ لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٣٥/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/١٥
جاڕدان
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو: ١- جنار توفيق بكر ٢- اسماعيل احمد مصطفى ٣- عايد فرحان عبدالله

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٣٥/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٤ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخوی پێتان رابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبونەوەی ئەم ئاگاداریە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەدەگرێت.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ١٣/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٢٠
بۆ تەمەتبارانی هەڵاتوو/ هاوتا نجم الدين عبدالله و هڤال نجم الدين عبدالله
ئاگادارکردنەوە

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونتان بۆیە پشت بەستن بەماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەمای دادگای کردنی سزایی دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوەخۆیی رۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لە رۆژی دادگایی کردنتان لە ٢٠٢٠/٣/١٧ کاتژمێر ٩ نۆی سەر لەبەیانی بۆ دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی ٤١٣ لەیاسای سزا لە داوای ژمارە ١٣/ك/٢٠٢٠ بەپێچەوانەوە دادگایی کردنتان بەشێوەی پاشملە دەرهەقتان ئەنجام ئەدرێت.

دادوەر/ سمکۆ رۆستم سمين

* * *

دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە:٣٧٤/ج غم/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسامه محمد احمد)
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئاماژە بەبڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە (٣٧٤/ج غم/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١٢/١٨) کە بڕیاری داوە بە غرامەکردنی بەبڕی (٧٥٠٠٠٠) حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار پاڵپشت بە بەشی (٢٣/ف١) لەیاسای هاتووچۆی عێراقی بەژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بەشێوەیەکی پاشملە بەگوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادار بکرێتەوە کە مافی تانە لێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە لەبڕیاری پاشملە و بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ لەسەرەتایی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە رۆژنامەدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

* * *

دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە:١٠١/ج غم/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (محسن حسن محمد)
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئاماژە بەبڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە (١٠١/ج غم/٢٠١٩) لە (٢٠٢٠/١/٨) کە بڕیاری داوە بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ پاڵپشت بە بەشی (٢٣/ف١) لەیاسای هاتووچۆی عێراقی بەژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بەشێوەیەکی پاشملە بەگوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادار بکرێتەوە کە مافی تانە لێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە لەبڕیاری پاشملە و بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ لەسەرەتایی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە رۆژنامەدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٥/٤٨٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٦
ئاگاداری
بۆ قەرزار (منير رسول احمد)
شوێنی نیشتەجێ نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفيذي) لەسەر (١/٢٣٨٥ ك ٩٥ كسنزان) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢٣,١١١,٢٥٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (مصرف كوردستان نيودەولەتی) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی مولکی ئاماژە پێ کراو بەپێ یاسا.

جێبەجێکاری داد /هەردی حمدامين همزه

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/میلاکات
ژمارە: ٧٦٤/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢١

بۆ/ بەرێزان لەسەرۆکایەتی شارەوانی عنکاوە ١- فادی بویا شابو ناونیشان/ فیزیاوی رێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠٢٠/١/٣ ٢- ریڤا صليوا گورگیس ناونیشان/ ئەندازیاری پێشکەوتوو تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠٢٠/١/٣ ٣- نزار قرداغ عبدالاحد ناونیشان/ ی.س. تێبینەری هونەری رێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠٢٠/١/٣

ئاگادارکردنەوە

لەو رێکەوتانەی کە بەرامبەر ناوەکانتان دیاری کراوە مۆڵەتی بێ مووچەتان تەواو بووە تاکو ئێستا دەستان بەکار نەکردۆتەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەنەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەتان دینین.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدين نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی زاخو
جاڕدانی داواکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٦ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی ژمارە (٣٤) کەرتی (الروت) بەناوی صباح یونس رشید کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارێتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

یونس محمد احمد/ رێڤەبەر

* * *

خەبات
www.xebat.net
دوو شەممە 2020/1/27 ژمارە (5919)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ٥/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢١

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستی بە بەکرێدانی (٧٨) دوکان مولکی شارەوانی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/١٣٥٩ ک ٨٦ بنەسلاوە) بەمزایدەی ئاشکرا بەپێ ی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی/١٩٨٦ بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەوکەسەی نیازی بەشداربونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا باسەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٢ کات ژمێر (١١) یانزەی بەیانی لە ڕۆژی دیار کراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بەرێژەی (٢٠٪) لەکرێ ی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی کرێ ی بڵاوکردنەوە وخەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٩+٢١+ ٢٣+ ٢٥+ ٣١+ ٣٥+ ٣٩+ ٤٢+ ٤٤+ ٤٦+ ٤٨+ ٥٢+ ٥٤+ ٥٨) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ١٥م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٤٥٠ چوار سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٢٠+ ٢٢+ ٢٤+ ٢٦+ ٣٢+ ٣٨+ ٤١+ ٤٣+ ٤٥+ ٤٧+ ٥١+ ٥٣+ ٥٦+ ٦٠) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ١٥م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ١٠٠ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٣- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٦١+ ٦٣+ ٦٥+ ٦٧+ ٦٩) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٤٥٠ چوار سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٤- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٦٢+ ٦٤+ ٦٦+ ٦٨+٧٠) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ١٠٠ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٥- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧١) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ١٠٠ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٦- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧٢) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٣,٧٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٤٥٠ چوار سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٧- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧٣+ ٧٤) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ١٥م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ١٠٠ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٨- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٧٥+ ٧٦+ ٧٧+ ٧٨+ ٧٩+ ٨٠+ ٨١+ ٨٢+ ٨٣+ ٨٤+ ٨٥+ ٨٦+ ٨٧+ ٨٨+ ٩٠) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٢٥٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

٩- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٨٩) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٣,٧٥م٢ کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٢٥٠ دوو سەد وپەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

١٠- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٩٣+ ٩٧) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٣٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

١١- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (٩٦+ ٩٩+ ١٠١+ ١٠٢+ ١٠٣+ ١٠٥+ ١٠٧+ ١٠٩+ ١١١+ ١١٣+ ١١٦) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٥٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

١٢- ژمارەوجۆری مولک وشوێن/ دوکانی ژمارە (١٠٠+ ١٠٤+ ١٠٦+ ١٠٨+ ١١٠+ ١١٢+ ١١٤) لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١٣٥٩/ ١ ک ٨٦ بنەسلاوە) ڕووبەری زەوی/ ٣٠م٢ بۆ هەردوکانێک کرێ ی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ٠٠٠ ٣٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ١٨٣٣/ش٢٠١٩/٢
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٦

جاڕدان

بۆ/داوالێکراو (بدرالدین جمیل عمو) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (١٨٣٣/ش٢٠١٩/٢) وە لەڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) بڕیاردا لەسەر (تفریق) لەنێوان تۆو داواکار (مژدە إسماعیل کاکەمەند)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/کۆمەڵگەی کانی قرژاڵە)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆ ژلە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاڕدانە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٥٦٤/ک/٢٠١٨
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نصر علی حسین عزیز

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٥٤١/ک/٢٠١٨
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: زیاد طارق محمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب. نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٢٦٦٥/ک/٢٠١٨
بەروار: ٢٠٢٠/١/٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: یاسین فتاح عبدالکریم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٠/ف٥) لەیاسای باری کەسیەتی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جفر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٤٢٧/ت/٢٠١٦
بەروار: ٢٠٢٠/١/٩
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: نسرین صوفی حسن و عمر صوفی حسن

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤٢٢ یاسای سزادان) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بتوێن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / احمد حجی داهر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٦٨٠/ک/٢٠١٧
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێباز جلال تۆفیق

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٠/ی سزادان) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / احمد حجی داهر

* * *

دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٥٠/ک/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٥
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (احمد مجید حمە صالح)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (نجم الدین حمەرؤوف حمەصالح) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠٢٠/٤/٨) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان

دادوەر/ جمیل جمال محمد

* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٤٨/ج/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/١٢/١٨
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو: چیا لقمان فاتح لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ جمال صدرالدین علی

* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٥٩٥/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠٢٠/١/١٢
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو: محمد احمد عبدالرزاق لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ جمال صدرالدین علی

* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٦٥٠/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٢/١٠
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو: رمضان محمد معروف لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ جمال صدرالدین علی

* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٣/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٢/٢٤
بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای
تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵهاتوو: حمە صدیق حمدأمین لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە بەپاشملە دادگایی دەکرێیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ جمال صدرالدین علی

* * *

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١/٤٩١) ك (٤٤) وارش ڕووبەری (١٧٠)م٢ لە گەرەکی بەختیاری پشت وەزارەتی داد، بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کڕێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١١/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /١/ ٢٦

ڕاگەهاندن

بو/ داوالێکراو : سرکفت نذیر احمد

ل دیف داخوازا داواکار(قدریە مراد حسن) وکێشا ژمارە (١١/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (قدش) یا ژمارە (١١٦) ل (٢٠٢٠/١/٢٣) و نڤیسارا هەلبژارێ گوندی (قدش) ئەڤجا بڕیار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠ /٢/٣) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٤/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /١/ ٢٦

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : نزار علی محی

ل دیف داخوازا داواکار(پیمان هاشم سمو) وکێشا ژمارە (٤٤/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٣٨٦) ل (٢٠٢٠/١/٢٢) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (شورەش) ئەڤجا بڕیار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠ /٢/٣) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٤٣٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهدارکرن ب بڕیارا پاشملە

ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (شونم حسن مصطفی) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٢٢ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (عادل محمد رمضان) بڕیاردا ب پەسەندکرنا بەردانا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان

دادوەر / مروان عادل اسماعیل

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٧٠٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/١/٢٦

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار موڵکی ژمارە ٣٦٥/١ کە کەوتوەتە خانقاە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار لقمان بلال عزیز کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی مازن بلال عزیز بەبڕی/ ٣٨١,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٣٦٥ ك خانقاە
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەبینایەکی یەك نهۆم ١٠٢ سەدو دوو دوکان پێك دێت
٥ – ڕووبەرەکەی/٣١٥٨ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ دوکانەکان کرێچی تێدایە
٨ – نرخی قرساو/ ١,٠٢٦٣٦٤٥٠٠ ملیار دینار تەنها بەشی قەرزار لقمان بلال عزیز.

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (لارندە) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٥٦٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شەروەدین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٢١٢٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (لارندە) بۆ
بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (لارندە) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ارشد قادر یوسف) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٢١٢٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (لارندە) بۆ
بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (لارندە) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ارشد قادر یوسف) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1900:
لە پەکینی پایتەختی چین خاوەن مولک و سەماریەداران شۆڕشێکیان بەرپا کرد.



سالی 1944:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان و دوای **900** ڕۆژ ، ئابلۆقەی سەر شاری لینینگراد کۆتایی هات.



سالی 2006:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی **7.7** پلە لە دەریای پاندا ڕوویدا.



سالی 2016:
هیلدا هاین وەک یەکەم ئافرەت لە میژووی ئەو وڵاتەدا بوو بە سەرۆکی کۆماری دووڕگەکانی مارشال.



سالی 2018:
لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی ئەفغانستان لە کابوڵی پایتەخت ئۆتۆنبیلێک تەقیەوە و **102** کەسی کوشت.



سالی 2019:
لە کلیسایەکی دووڕگەی جۆلۆ لە فلیپین تەقینەوەیەک ڕوویدا و **18** کەس گیانیان لەدەست دا.



چین خۆی فێردەکات، کە ببێتە زلهێزی جیهان؟



خۆشەوی مەلا بڕایم

1

ئەوە چەند ساڵێکە، کە ڕووسیا و چین بە هاوبەشی مانۆری سوپایی دەریای و وشکانی ئەنجام دەدەن، یەکەمجار ئەو مانۆرانە لەناو سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا بەڕێوە دەچوون، پاشان لە دەریای چین و دواین جار لە دەریایی مدیتەرانە لە ڕێکەوتی **11** بۆ **21**ی **2015** مەی بووە، کە بووە جێگەی سەرسوڕمانی وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمەریکا پسپۆران دەڵێن بۆ جاری یەکەمە، کە چین دوور لە سنوورەکانی خۆی مانۆری سوپایی بە کەشتیەکانی لەگەڵ ڕووسیادا بکات و بەڵای چینەوە زۆر گرینگە، کە بتوانێت لە ڕووی سوپاییەوە کاریگەری بەسەر وڵاتانی باکووری ئەفریقادا هەبێت، چونکە وڵاتانی ئەفریقا بۆ چین زۆر گرینگن، چین زۆرترین ڕێژەی سەرمایەگوزاری سەبارەت وڵاتانی دیکەی جیهان لەو کیشوەردا ئەنجامداوە. مەبەست لەو مانۆرانە ئەوەیە، کە ئەزموونی سوپایی فێربێت، هەروەها هێزی خۆشی پیشان بدات.

مەترسییەکانی بەردەم وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا (Pacific Rim) و ڕۆڵی چین:

هەرێمی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا **58** وڵات بە جەزیرەکانیشەوە لەخۆ دەگرێت، کە **10** وڵاتی هەرە زلهێز پێنجیان دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە **57%** چالاکییەکانی جیهان بازرگانی لەو هەرێمەدا ئەنجام دەدرێن، کە ئەو چالاکییانە تا ساڵی **2030** دەگەنە لە **70%**ی چالاکییەکانی جیهان. لە ترسی پێشکەوتنەکانی سوپایی چین، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چاوەدێری سوپایان بەسەردا ناوە، هەروەها لەبەر مەترسی ئەو پەرەسەندنانەی چین، وڵاتانی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات لە ئەمەریکا نێزیک دەبنەوە. ئەگەریی شەڕێکی گەورە لەو هەرێمەدا زۆر کەمە و کەس نایەوێت، کە بالانسی وڵاتان تێک بچێت. چین ناتوانێت، کە ڕێگەی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە بلۆک بکات، چونکە ئەو هێزەی نییە و ئەگەر بیەوێت بە ڕێگەی داخستنی دەریایی باشووری چین ئەو ئابلۆقەدانە ئەنجام بدات بە پلەی یەکەم زیان بەخۆی دەگەێنێت. ئەگەر چین بیەوێت، کە بە هێز وڵاتێکی دیکە داگیر بکات هیچ وڵاتی جیهان، تەنانەت ڕووسیاش ئامادە نییە، کە بەرگری لە چین بکات. چین دوو ڕێگەی کراوەی پەردەسەندنی ئاشتیەخوازانەی لەبەردەستدان، یەکەمیان لە هەرێمە هەژارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرمایەگوزاری بکات، بەڵام زۆر بەکەمی سەرمایەگوزاری دەکات یاخۆ هەوڵی وەدەستهێنانی سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی ڕووسیا بدات و لە داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت، کە لە ڕووسیادا سەرمایەگوزاری بکات، بەڵام ڕووسیاش بە چاوێکی مەترسیدارەوە سەرنج لە چین دەدات، هەرچەندە پێویستی بە دۆست هەیە. لە لایەکی دیکەیشەوە بە پێچەوانەی ئەو خواستانە زۆرینەی سەرمایەی ڕووسیایی بەرەو سویسرا هەڵدێت نەک چین، هەروەها دەسەڵاتدارانی چینیش لەبەر خراپی ژینگە و باری مەترسیداری سیاسی هەوڵ دەدەن، کە پاسپۆرتی وڵاتانی ڕۆژئاوای بۆ خانەوادەکانیان دەستەبەر بکەن و سەرمایەکانیان بەرەو ئەو وڵاتانە دەچێت.

مەترسییەکان:

زۆرینەی سیاسەتمەدارانی جیهان ئەو هەرێمە وەکو بەرمیلی باروت دەبینن گرینگترین هۆکاریش بریتین لە:

-چین لە بووژانەوەیەکی بەهێز و خێرایە، ژاپۆن خۆی چەکدار دەکات، ئەمەریکا بەرەو ئاسیا هاتووە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەری شەڕی وڵاتانی گەورە زۆر کەمە و هیچ یەک لەو وڵاتانە نایەوێت، کە بالانسەکان بگۆڕن.

-کۆریای باکوور و باشوور شەڕ بە ئەگەرێکی نێزیک دەبینن هەروەک چۆن لە ئۆکتۆبەری ساڵی **2014** لەسەر سنووری ئەو دوو وڵاتەدا پێکدادانێک ڕوویدا و کۆریای باکوور هەر لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامی ئەتۆمی بەردەوامە و هەرەشە لە ئەمەریکا و ژاپۆنیش دەکات.

-گرفتەکانی تایوان لەگەڵ وڵاتی دایک (چین) بەردەوامن و سنووری چین لە بەرەکانی شەڕی پارتیزانی فیلیپین نێزیکە و کێشەی دەریایی لە نێوان وڵاتی ڤیتنام و چین لەسەر پەرەسەندنەکانی چین لە دەریای باشوور بەردەوامن بەپێی دەنگوباسەکان ڤیتنام و فیلیپین دەیانەوێت، کە هاوپەیمانییەک دژ بە چین چێ بکەن.

-کێشەی نێوان ڕووسیا و ژاپۆن لەسەر دوورگەکانی کۆریل بەردەوامن، زۆر کێشەی دیکەیش دەتوانین ناو ببەین وڵاتانی ئەو هەرێمە لە هەلومەرجی خۆچەکدارکردنی بەردەوامدانە، بەڵام ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی گەورە زۆر کەمە و ئەو هەرێمە لە دۆخی شەڕدا نییە هاوسەنگییەکی پایەدار لە نێوان وڵاتانی ئەو هەرێمەدا هەیە و تەنیا هەندێ دۆخی تاکانە هێزی ڕوویانداوە.

هەڕەشەکانی چین

وڵاتانی ژاپۆن، کۆریا، تایوان، فیلیپین، ڤیتنام، ئەندونێزیا، ئوستراڵیا و هیندستان هەوڵ دەدەن، کە هاوسەنگی لەگەڵ چیندا چێ بکەن، بۆیە لە ڕووی سوپاییەوە زیاتر مەیلی ئەمریکایان هەیە و هەموو ئەو وڵاتانە خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام چین هەوڵ دەدات، کە هەڵوێستی سەربەخۆی هەبێت.بەپێی بۆچوونی زۆر پسپۆر لە سەدەی بیستوویەکەمدا هەرەشەی داگیرکردن لەلایەن هیچ یەک لەو وڵاتانە بەدی ناکرێت. هەرچەندە کێشە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی سەرمایەی دەریاکان و ژێر دەریاش هەیە، بەڵام ئەو کێشانە ناگەنە ئاستی شەڕ، پێناچێت، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نیازی داگیرکردنی یەکێک لەو وڵاتانەی هەبێت، چینیش ئەو هێزەی نییە، کە بتوانێت هەرەشەی داگیرکردن لە یەکێک لەو وڵاتانە بکات مەگەر بە شێوەیەکی بنەڕەتی بالانسی هێزی سوپایی بگۆڕدرێت و چین ببێتە خاوەنی تەکنۆلۆژیایەکی سوپایی جیاواز و بالادەست، ئێستەش بە ڕێگەی ڕۆکێتەوە چین دەتوانێت، کە هەرەشەی کەشتییەکانی جەنگی لەخۆوە دوور بکات.سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی ڤیتنام لەهەمانکاتدا سەرۆکی ئەو وڵاتە سەردانی ئەمەریکای کرد. **10** وڵاتی ئۆقیانووسی ئارام لەگەڵ ژاپۆنیش هاوپەیمانییەکی بازرگانی - ئابووری هەرێمی ئازادی بازرگانیان پێک هێناوە و ئەمەریکا ئەو هاوپەیمانییە وەکو هێزێک لە دژی خواستەکانی پەرەسەندنی چین بەکار دەهێنێت. پسپۆری وڵاتانی ئاسیایی ڤلادیمیر مازیرین دەڵێت: کە ئەمەریکا لە **18%** هەناردەی ڤیتنام بە بڕی **36** ملیارد $ پێک دەهێنێت، ئەمەریکا هەندێ خواستی سیاسی لە ڤیتنام هەیە بەس بۆ ئەو وڵاتە زۆر سەختە، کە لەگەڵ ئەو خواستانەدا سازش بکات، ڤیتنامیش دەیەوێت بەهاوکاری ئەمریکا کێشەی دورگەکانی لەگەڵ چین چارەسەر بکات.وا پێشبینی دەکرێت، کە چین تواناکانی سوپایی خۆی بۆ پاراستنی دەریای باشووری چین و بەندەرەکانی ئەو دەریایە بەکاربهێنێت. ئەگەر چین هەوڵبدات، کە کۆنترۆڵی دەریایی باشووری چین بکات بە پلەی یەکەم زیان بە خۆی دەکەوێت، بە هاوشێوەی کۆنترۆڵی گوزەرگای بۆسفۆر یاخۆ دەریای باڵتیک، کە لە لایەن ڕووسیاوە درا و زیانی پێکەوت، هەرچەندە ڕۆژانە بایی ملیاران دۆلار بار بە ڕێگەی ئەو دەریایەدا هەناردە و هاوردە دەکرێت، دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، کە بەشی هەرە سەرەکیی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەر چین دەکەوێت، هەروەها دوو لەسەر سێی نەوتی هاوردەکراوی تایوان، کۆریا و ژاپۆن بەو ڕێگەیەوە هاوردە دەکرێت، بەشی هەرە زۆری نەوتی چینیش هەر بەو ڕێگەیەوە دابین دەکرێت، مەترسی جێبەجێکردنی ئەو سیناریۆیە بۆ چین بووەتە جێگەی مەترسی، بۆیە چین خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست نێزیک کردووەتەوە، هەر لە ئێستەوە وزە لەو وڵاتانەوە دەکڕێت. هەرچەندە لە **80%**ی نەوتی چین بە ڕێگەی دەریای باشووری چین دەگاتە بەندەرەکانی ئەو وڵاتە. بە بەراورد لەگەڵ چین وڵاتانی تایوان، کۆریا و ژاپۆن دەتوانن، کە ڕێڕەوی هاوردە بگۆڕن و بە چەندان میل دوورتر کەشتییەکانی نەوتی هاوردە بکەن. ئەگەر چین هاوسێکانی بەو ڕێگەیەوە بخاتە ناو مەترسییەوە، لەهەمانکاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ناچار بکرێت، کە بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات چ بەسەر چیندا دێت، ئایا ئەو وڵاتە ئەو بیرۆکەیەی بوو ناهێت، کە نابێ هەرگیز ئەو کارە بکات. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە داهاتووشدا هەوڵ دەدەن، کە چاوەدێری بەسەر چینەوە بکەن، بەپێی پێشکەوتنەکانی سوپایی ئامادەیی خۆیان زیاد دەکەن، بەڵام پێناچێت، کە هیچ هێزیکی سوپایی بۆ ڕاگرتنی ئەو پرۆسەیە بەکار بهێنن، بۆیە لە کاتی خۆپێچەککردن و هەڕەشەیی سوپایی لەلایەن چینەوە وڵاتانی ئەو هەرێمە بەخۆدەکەون و زیاتر بەلای ئەمریکاوە دەسوڕێنەوە بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو ڤیتنام، کە گەورەترین شەڕی لە ڕابردوویەکی نێزیکدا لەگەڵ ئەمریکادا کردووە و خەڵکی بەشداری ئەو شەڕانە هەر زیندەوون، پارتی کۆمۆنیستیش لەسەر دەسەڵاتە. دەبینین کە لە **13-7-2015**دا سەرۆکی ڤیتنام سەردانی واشنتنی کرد. هەر ئەو هۆکارە مەترسیانە لە زۆر هەلومەرجدا (ئیمپراتۆری ئەمریکا)یان چێ کردووە، ئەمریکا بە ئاسانی توانیویەتی، کە دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا پەرە پێبدات، چونکە زۆر وڵات هەن، کە هەست بە مەترسی دەکەن و ئەمریکاش لەو ڕووەوە کڵۆبی هەڵبژاردەکانی دروست کردووە، کە زۆر وڵاتانی جیهانیش دەیانەوێت ببنە ئەندام. چین ئەو پرۆسەیە بەهێز دەکات، زۆرینەی هەرە زۆری وڵاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات دەیانەوێت، کە بکەونە ژێر باڵی پاراستنی ئەمریکا. وڵاتی واش هەیە، کە نایەوێت بکەوێتە ژێر ساکاری ئەمریکا. لە ساڵی **1992** فیلیپین پێگەیەکی سوپایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای داخست، هەندێ لایەنی ژاپۆنیش بانگیان لە حکومەتەکەیان دەکرد، کە ئەوانیش ئەو میتۆدەی هاوشێوە بەکار بهێنن، هەتا لە ئوسترالیاش سەرۆک وەزیرانی پێشووی کۆنسڕڤاتیڤ خوازیاری ئەوەبوو، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا ببڕنەوە، هەرچەندە سەربەخۆیی سیاسی بەقسە ئاسانە، بەڵام بە کردەنی کارێکی ئاسان نییە و ئێستە وەکو دیارە، کە فیلیپین زیاتر پێی خۆشە، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا باش بن و لەوە باشترە، کە مەترسی چینی لەسەر بێت و سەقامگیری باری ناوەخۆیش تێکبدرێت. پێویستە کە چینیش ئەوە لەبیر بکات، کە بتوانێت بەسەر وڵاتانی هەرێمیدا بە شێوەی سوپا زاڵ ببێت، هەتا ڕووسیاش ئامادە نییە، کە لەو ڕووەوە بەرگری لە چین بکات، چینیش ناتوانێت، کە ئەو هەرێمە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئابلۆقەدانە بکات. پێویستە کە چین بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەمریکا دەتوانێت دەرگەی بازاڕی جیهانی لەسەردا دابخات و چینییەکان لەوەش دەترسن و حیسابی بۆ دەکەن.ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕێگەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا Trans-Pacific Partnership، TPP بازاڕی ئازادی ئابووریان چێ کردووە، کە مەبەستی سەرەکیی زەمینەی هاتوچۆی کەشتییەکان فەراهەم بکات و توانای پێشگیری لە پاراستنی مافی بیری in-tellectual property هەبێت. وڵاتانی چین و ڕووسیا ناچار بوون، کە مەرجەکانی ڕێکخراوی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا Trans-Pacific Partnership, TPP پەسەند بکەن و مەرجەکانی سەرەکیی لەلایەن ئەمریکاوە هاوپەیمانەکانی دادەسەپێندرێن.



www.xebat.net
دوو شەممە 2020/1/27 ژمارە (5919)
خەبات



ئا : هەندرێن شێرزاد

زۆرن ئەو کارەساتانەی لە رابردوودا لەژێر بیانووی جۆراوجۆر و لەلایەن کەسانێکەوە بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنراون کە خۆیان بە سەرکردە و رابەری گەل و میللەتان لە قەلەم داوە، ئەوان ئەگەرچی سەری زمان و بنی زمانیان باسکردن بووە دەربارەی کارکردن بۆ پێشخستنی گەل و میللەتانیان و بەهێزکردنی پێگەی ولاتانیان ، بەڵام لە زۆربەی حالەتەکان ئەمە لەسەر حیسابی گەل و میللەتانی تر بووە. ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی زەمەنێک ئەو جۆرە کەسانە تەنانەت لەلایەن خەڵکی خۆشیان نەفرەتیان لێ دەکرێ.

بەشی دووەم و کۆتایی

هۆڵۆکۆست... فوهرەر میللەتێکی سووتاند!

لە نێوان دوو سەربازگەدا

لە کاتی گواستنەوەی بەندکراوان لە سەربازگەکانی دەستگیرکردن بۆ سەربازگەکانی کوشتن، ئەوان ناچار دەکران خۆیان بشۆن ، ئینجا لەلایەن کەسانێکەوە رەوانەی ژوورەکانی غاز دەکران و لەوێ دەکوژران.

ئۆشڤیتز یەکێک بوو لە گەورەترین سەربازگەکانی دەستگیرکردن و لەلایەن هیتلەرەوە بونیاد نرا و تەنیا لەو سەربازگەیەدا نزیکەی 1.1ملیۆن کەس کوژرا.

بە ژمارە

قوربانیانی هۆلۆکۆست بە 11 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێ ، لە نێویاندا 6ملیۆن جولەکە بوون.

نازیەکان دوو لەسەر سێی کۆی ئەو جولەکانەیان لەناو برد کە لە ئەورووپا دەژیان.

لەو کارەساتە گەورەیەدا 1.1 ملیۆن منداڵ گیانیان لەدەست دا.

کۆتایی هۆلۆکۆست

لە کاتێکدا سەربازانی سەر بە هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهاندا سەرقاڵی ئازادکردنی ئەو ناوچانە بوون کە پێشتر لەلایەن نازیەکانەوە داگیر کرابوون، وردە وردە سەربازگەکانی بەندکردن ئاشکرا بوون.

کاتێکیش نازیەکان هەستیان کرد کە شکست دێنن ، لە ڕێگەی ڤێرانکردنی سەربازگەکانەوە هەوڵی شاردنەوەی هەموو بەڵگەی تاوانەکانیان دا.

هەروەها سەرجەم بەندکراوانیان ناچار کرد کە بە پێ بگەڕێنەوە سەربازگەکانی ناو خاکی ئەڵمانیا و لەو ڕێگایانەشدا هەزاران کەس گیانیان لەدەست دا.

هاوینی ساڵی 1944 هێزەکانی هاوپەیمانان یەکەم سەربازگەی بەندکردنیان بەناوی مەجدانیک ئازاد کرد. دوای ڕووخانی نازیەکانیش زۆربەی بەندکراوان ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت بوونەوە و ولاتانی دیکەش لە توانایاندا نەبوو پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی خەڵک بکەن.

ئایا نازییەکان سزا دران؟

لە 11ی کانونی یەکەمی 1946دا ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری بە تاوانناساندنی جینۆسایدی دەرکرد.

بەو پێیەی بەر لە تەواوبوونی جەنگ ، ئادۆلف هیتلەر خۆی کوشت، بۆیە نەکرا ڕەوانەی دادگا بکرێ.

لە ماوەی سالانی دوای جەنگی دووەمی جیهان، ژمارەیەک لەو کەسایەتیە نازیانە دادگایی کران کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیان ئەنجام دابوو.

لە تەموزی 2015 دادگایەکی ئەڵمانی ئۆسکار گرۆینینگی تەمەن 94 ساڵی بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ تۆمەتبار کرد، ناوبراو پێشتر لە سەربازگەی ئۆشڤیتز پاسەوان بوو.



بەشێکی زۆری تاوانبارانیش دوای کۆتاییهاتنی جەنگ خۆیان ون کرد یان بەر لە ئاشکرابوونی تاوانەکانیان مردن.

قەرەبووکردنەوەی قوربانیان

دوای دۆڕانی نازیەکان لە جەنگی دووەمی جیهان و بەپێی پەیماننامەی ڤێرسای، ژمارەیەک سزا و کۆت و بەندی توند بەسەر ئەڵمانیادا سەپێنران.

بەرپرسیاریەتی تەواوی بەرپاکردنی جەنگ خرایە ئەستۆی ئەم ولاتە.


ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا کەم کرایەوە.

بە دریژایی 60ساڵ ئەڵمانیا ناچار کرا قوربانیانی تاوانەکانی نازیەکان قەرەبوو بکاتەوە.

وەک قەرەبوو ، ئەڵمانیا بڕی 89ملیار دۆلاری تەنیا بە جولەکە بەخشیوە.



یەکێک لە گرتوخانەکانی نازیەکان



قوربانیانی هۆلۆکۆست




دەزگای جۆستابۆ



سەرکردەی نازییەکان



هەسارە زەبەلاحەکانیش زەوی لە بەرکەوتنە مەترسیدارەکان دەپارێزن




خوێندنەوەیەکی زانستیی بۆ بوومەلەرزەکانی باکووری تورکیا

بەپێی تیۆری تکتۆنیبەوە (پلێتی تورکی) یەکێکە لە پلێتە ئالۆزو پر جوولەو کاریگەر بە پەستانی پلێتەکانی دەوروبەری. ٠
هەر لە سەرەتای دروستبوون و کرانەوەی ئۆقیانوسی (TYTHIS) لە چاخی تراپاسی لە 230ملیۆن ساڵ تا داخرانی لە پێش 60ملیۆن ساڵ و لە سەرەتای چاخی (پالیوجین) دا ، لە نێوان پلێتەکانی باکوور کە (تبت و ئەفغانستان پاکستان ئیران و ئۆراسی) بوو، (تورکیا) وەک پلێتێکی سەربەخۆ لە شوێنی ڕۆژهەلاتی ئێستای دەریای ناوەڕاستەوە هەڵکشا بەرەو باکووری (پلێتی عەرەبی) و بەشێوەی چەند پارچە پلێتێکی لەیەک دابڕاوەلە و نێوەندەدا جێگیربوو.
بەڵام دوای داخرانی ئۆقیانوسی TYTHIS و پەستانی دەوروبەر ئەم پارچانە بە یەکەوە لکان و پاشان لکان بە باکووری (پلێتی عەرەبی) یەوە لە باشووریانەوە شوێنی بەیەکەوە لکانەکان بونەو ڕوبێکی لاوازی لەسەریەک هەڵخلیسکاو کە پێی دەوترێ Thrust Faut.
یە کێک لەو ڕوانە ئەوەیە کە لە (کەنداوی ئەسکەندەرونە) لە نێودەریای ناوەڕاستەوە دڕێژ دە بێتەوە تا ناوچە کانی ڕۆژئاوای (دەریاچەی وان) ئینجا بە باکووری (عەنتاب و ماردین و دیاربەکر) دا دەڕوات و پێی دە وترێ East Anatolian Fault.
دیارە چالاکی و جوڵەو هە ڵخلیسکانێکی کەم لەلای ڕۆژهەڵاتەکەی ڕووبداوە لە چینە بەردە قوولە کاندا لەوانەشە لە بنکەکەیدا بێت لە قوڵایی نزیکەی 10 کیلۆمەتر لە ژێرەوەی بەرزاییەکانی ناوچەی ڕۆژئاوای (دیاربەکرو ئامەد) و بە تایبەتیش لە شارۆچکەی (ئیلازیخ) و بۆتە هۆی سەرکەوتنی دڕێژە شەپۆلەکان بە پلەی 6.5 ڕیختەرو ناوچەکەی هەژاندووەو بێگومان ڕەنگە چەند بوومەلەرزەیەکی دیکەی هەڵگەڕاوەیی بەردەوام بیت تا پلێتە وردەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا جێی خۆیان دەگرنەوە.
جێگای ئاماژەیە کەوا پاشماوەکانی ئۆقیانوسی TYTHISیش تا ئێستا ماوەتەوەو ناسراوە بە Para Tethys و بریتین لە (کەندای عەرەبی و دەریاچەی قەزوین و دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست).

ئامادەکردنی، پسپۆڕی زەویناسی: دکتۆر. عەلی مەحمود سورداشی

سیستەمی خۆر بە تەوقێکی یەگجار گەرم دەورە دراوە



دوای گەیشتنی هەردوو کەشتی ئاسمانی بێ مرۆیی (ڤۆیاجەر 1و 2) بۆ قەراغی دەرەکیی سیستەمی خۆر لە دووریی زیاتر لە 18ملیار کیلۆمەتر و کەوتنی بۆ ناوچەیەک کە بە نێوەندی نێوان ئەستێرەکان ناسراوە، پسپۆڕانی سەرپەرشتیاری ئەو دوو کەشتییە ڕایانگەیاند کەوا لە تازەترین و لە هەمان کاتدا ناوازەترین هەواڵ و دۆزینەوە لە ڕێگەی یەکەکانی هەستپێکردنی تیشکیی هەردوو کەشتییەکەدا دەرکەوتووە کەوا تەواوی سیستەمی خۆر بە تەوقێکی تیشکی یەگجار زۆر گەرم گەمارۆ دراوە، وە ئەو تەوقە کە وەکو بلقێکی مەزنەو خۆڕو تەواوی هەسارەو تەنەکانی دیکە لە نێویدان، بەڵام سنوورو قەراغی ئەو بلقە یەگجار زۆر گەرمەو دەگاتە سنووری 50 هەزار پلەی سیلیزیی!
تاوەکو ئێستا زانیاری یەگجار زۆر کەم هەیە دەربارەی ئەو نێوەندە ناوازەو هەرە دوورە، بەڵام پسپۆڕانی فەلەکیی دەڵێن، هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ فردەانی زۆر مەزنی خۆر بۆ بارستە پلازمایییەکان و تەنۆچکە بارگاوییەکانی ناسراو بە (بای خۆر) کە بەشێکی هەرە زۆری لە ڕێگەی بەرگی موگناتیسی زەوییەوە دوور دەخرێنەوە بۆ بۆشایی نێوان هەسارەکان، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کەوا بەشێکی یەگجار زۆر مەزنی ئەو تەنۆچکە بارگاوییانەو ئەو بارستە پلازمایییانەی کە لە خۆرەوە دەردەچن، لەو دوورییەدا یەگجار زۆر چڕ دەبنەوەو وەک تەوقێکی مەزنی لێ دێت دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی پلەی گەرمیی.
ئەم خزمەتگوزارییەش وەک چۆن (Google Earth) بۆ ئەو کەسانەی نییە لەگەڵ هەسارەکانی دیکەی نێو سیستەمی خۆر، بە تایبەتیش هەسارە مەزنەکان بە گشتی و (موشتەری) بە تایبەتی، کە پێدەچێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە دوورخستنەوەو پاراستنی هەسارە بچووکەکەمان لەو هەڕەشە گەورانەی بۆشایی نێو سیستەمی خۆر، یان ئەو نەیزەک و هەسارۆکانەی کە بە دەگمەنیی لە دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆرەوە دێن.
یەکێ لەو نموونانە ئەو ڕووداوە بوو کە لە بەرواری 20ی تەموزی 2009 بینرا، کاتێک هەسارەی زەبەلاحی موشتەری دووچاری بەرکەوتن بۆوە لەگەڵ هەسارۆکەیەکی زەبەلاح بێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی بۆشاییگەری نێودەوڵەتی ماوە ماوە هەواڵی سووتان و تەقینەوەی نەیزەکێک لە ئاسمانی چەند وڵاتێکی سەر هەسارەکەمان بڵاوەکرێتەوە کە هەندێکیان بە شێوەیەکی ترسێنەرو تۆقێنەر دەرکەوتوونە، وەک سووتان و تەقینەوە نەیزەکییەکەی ئاسمانی (چلیابینسک) لە ڕووسیا لە ساڵی 2013دا، بەڵام با لەیاد نەکەین کەوا سوپاس بۆ خوای گەورە تاوەکو ئێستا هیچ کامێک لەو نەیزەکانە نەبوونەتە هۆی نانەوەی زیانی گیانیی، چونکە قەبارەو بارستایی ئەو نەیزەکانە لە سنووری 10 تا 17 مەتر زیاتر نەبوونە، سەرەڕای ئەوەی خاوەن هێزی کاوڵکاریی چەند هێندەی بۆمبی ناوەکیشیان هەیە! بەڵام حاڵ بەو شێوەیە وەک NASAو ESA ئاگاداری پێشوەختی ئەم بەرکەوتنە بین.
ئەم بەرکەوتنەش دەرچەیەکی تاریکی لە نێو بەرگەهەوای هەسارەکەدا جێهێشت.
"دەزگای JPLی سەربە ناسا ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردبۆوە، ئەویش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی چەندین وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و ژێرەوەی سووری وەرگیراو بەهۆی کامێراکانی تەلەسکۆپی ئاسمانی هابڵ دوە"، لە زاری فەلەکناسی ئوستڕالی (ئەنتۆنی ویسلی).
"کەس پێشبینی شتێکی وای نەدەکرد! چونکە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو دەرچەیەی ئەوکاتە لە نێو بەرگە هەواکەی دەرکەوتبوو قەبارەکەی نزیک بووە لە قەبارەی زەوی! ئەمەش بووە دووەم دیاردەی بەرکەوتنی گەورە لە نێوان موشتەری و هەسارۆکەیەک یان کلکداریک دوای بەرکەوتنی ناوداری (شۆمیکەر- لیڤی/ Shoemaker- levy 9) لە ساڵی 1994 کە ئەویان لە 21 پارچە پێکهاتبوون و زنجیرە دەرچەیەکی گەورەی جێهێشت لەنێو بەرگە هەوایەکەیدا، بەڵام ئەوکاتە سات دوای سات فەلەکناسان سەیری ئەم بەرکەوتنەیان کرد و وێنەیان دەگرت، چونکە پێشوەختە دەیانزانی و خۆیانی بۆ ئامادەکردبوو"، لە زاری (لی فلیتشەر) سەربە (دەزگای JPL).
بەرکەوتنی ئەمجارە کەوتبووە نیوەگۆی باشوور نزیک بازنەی جەمسەری باشووری (هەسارەی موشتەری) و دوای وردبوونەوەیەکی زیاتر دەرکەوت کە قانە ڕەشەکەی داوی بەرکەوتن بەقەدرایی زەریای هێمن بووە و بەڕای زۆربەی فەلەکناسان ڕەنگە کلکداریکی نەناسراو بەرپرس بووبێت لەم بەرکەوتنەدا.


بوومەلەرزەکانی باکووری تورکیا لە بەرکەوتنە مەترسیدارەکان دەپارێزن

وێنەیەکی 46 ملیار پیکسلی بۆ ئاسمانی شەو وەرگیرا!



تیمێک لە فەلەکناسانی ئەڵمانی سەر بە زانکۆی Ruhr University Bo-chumپەردەیان لادا لەسەر گەورەترین و وردترین وێنەی ڕەنگاوڕەنگ کە بۆ ئاسمانەوە وەرگیراوە ، ئەویش دوای پێکەوە بەستانی 7ملیۆن وێنەی فۆتۆگرافی وەرگیراو دەرەنجام وینەکە بە قەبارەی 46ملیار پیکسل و دەرچووەو ئەو وێنەیەش بە گشتی ئاسمانی شەومان پێ نیشان دەدات بەڵام بە وردترین و قوونترین شێواز کە پێشتر هەرگیز ئاوا نەبینراوە و تەواوی ئەستێرەکانی ئاسمان و تەنە ئاسمانییە هەرە دوورەکانی گەردوون لە خۆ دەگرێت.
بە گوتەی زانایان ئەم وێنەیە دەرگایەکی نوێی گەورە والآکات بێ شک یارمەتییەکی زۆری دۆزینەوە گەردوونییەکان دەدات بە تایبەتی لە بواری ئەنجامدانی ڕومالکردنی بۆشایی ئاسمان و کردارەکانی ڕوانگەکاری فەلەکی لەسەرتاپای جیهاندا.
ئەم خزمەتگوزارییەش وەک چۆن (Google Earth) بۆ ئەو کەسانەی لەسەر ڕووی زەوی دەژین سوودێکی زۆری هەیە، ئاواش ئەم وێنە یەگجار وورەی بۆشایی ئاسمان لە چەندین بواری لێکۆڵینەوەی فەلەکیدا بەکاردههێنرێت.

یەکەم وێنەی تەواوی ناوچەرگەی گالاکسیمان بەرهەمهات



دوای بەکارهێنانی (ڕوانگەی فەلەکی فرپوەی سۆفیا) ی دامەزراو لەنێو فڕۆکەیەکی BOEING 747SPو تلسکۆپەکانی ئاسمانیی (سپیتزەر) ی سەر بە ئاژانسی ناسا و تلسکۆپی ئاسمانی (هێرشل) ی تایبەت بە (ئاژانسی بۆشاییگەری ئەوروپی) وێنەیەکی تیشکی ژێرەوەی سووری زۆر وردکاری بۆ ناوچەی هەرەچڕو پڕی سەنتەری گالاکسیمان بڵاوکردەوە کە ڕووبەرەکەی 600 ساڵی ڕووناکییە.
لەناوەڕاستی ئەو وێنەیەدا کونێکی ڕەشی مەزن هەیە کە هەموو لایەکانی ڕووناکبۆتەوە بە ژمارەیەکی یەگجار زۆر ئەستێرە کە تاوەکو ئێستا بەهیچ شێوەیەک وا بەو شێوەیە نەبینراوە، لە تەک هێشوویێکی ئەستێرەیی ناسراو بە (QUINUPLET) کە ناوچەیەکی یەگجار زۆر چڕوپڕی کۆبوونەوەی ئەستێرەی هەرە گەنج و لاون و بە بڕی 1ملیۆن جار لە خۆری ئێمە گەشترن، هەروەها دەرکەوت کەوا ژمارەی ئەستێرە مەزنەکان 10جار کەمترە لەوەی پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا.
لە ڕێگەی ئەو وێنە وردەوە، پسپۆڕان توانیان ئەو بارستە مادەیە ببینن کەوا بۆتە سەرچاوە وەک بڵێین – خۆراک پێدان – ئەو کونە ڕەشە مەزنەی کە کەوتۆتە ناوچەرگەی گالاکسییەکەمان و تیرەی 10ساڵی ڕووناکییەو بە مادەیەکی (گەرم) ناسراوە.

مالّئاوایی ئەستێرەیەکی میدیای وەرزشی

یاوەر نامیق سالم یاریزان و ناوبژیوان و رۆژنامەنووسی وەرزشی دێرین




زاگرۆس نانەکەلی

رۆژی چوارشەمە رێکەوتی 22-1-2020 یاریزانی دێرین وناوبژیوانی تۆپی پێی عێراق و میدیاکاری وەرزشی یاوەر نامیق کۆچی دوایی کرد.

یاوەر نامیق چەندین ساڵە لە بواری وەرزش و ناوبژیوانی و کاری میدیا بە تایبەتی میدیای وەرزشی کارەکات ورۆڵی گرنگی لە بڵاوکراوەی وەرزشی هەبووەلە کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی،کۆچکردوو دەستێکی بااڵی هەبوو لە کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان.

سیڤی کۆچکردوو یاوەر نامیق

یاوەر نامیق سالم ساڵی 1954 لەشاری بەغدا لەدایکبووە، ساڵی 1976 پەیمانگای مامۆستایانی بەشی وەرزشی لە بەغدا تەواوکردووە، ساڵی 1967وەرزش دەکات لە شاری بەغدا لە تیپی (شەباب تەلیعە) یاری دەکات، ساڵی 1969 لە بەچکەشێرانی تۆپی پێی عێراق بانگهێشت دەکرێت، ساڵی 1972دێتە شاری هەولێر لە یانەی هەولێری ئەو کات لەگەڵ (فاروق تۆفیق و عومەر سەلیم و سەید عەلی و سەلاح پترۆس و ئیبراهیم بەربەر) یاری دەکات، ساڵی 1979تا 1990 ناوبژوانی تۆپی پێ بووە، ساڵی 1991لەرۆژنامەی برایەتی لاپەڕەی وەرزشی کارەکات، ساڵی 1992 بەرنامەی (گۆڤاری وەرزش) لە دەنگی کوردستان پێشکەش دەکات، ساڵی 1992کاری کۆمێنتاری وەرزشی لەگەڵ خوالێخۆشبوو سدیقی گچکە بەزمانی کوردی و عەرەبییان ئەنجامداوە لە ئۆلۆمپیادی بەرشلۆنە، ساڵی 1997 بەرپرسی هەفتەنامەی وەرزشی برایەتی بووە، کۆچکردوو چەندین بابەتی وەرزشی لە رۆژنامە و گۆزارەکان بە زمانەکانی کوردی وعەرەبی بڵاوکردۆتەوە، بەرە بەیانی چوارشەمە رێکەوتی 22-1-2020 لەناکاو کۆچی دوایی کرد.





بۆتان دەهام یاریزانی یانەی برایەتی:

یاریگاکان کێشەی سەرەکی پێشنەکەوتنی وەرزشن لە کوردستاندا

خەبات: سولێ سلێمان

بۆتان دەهام یاریزانی لێهاتووی یانەی وەرزشی برایەتی لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دەڵێت: یاری تۆپی پێ خولیاو حەزێکی منداڵیم بووە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی یاری کردنم بەاڵم لە ساڵی 2010 لە سەنتەری گەنجان لە بنەسڵاوە دەستم بە یاری تۆپی پێ کردووە ، لە ساڵی 2012 چوومە یانەی تازە پێگەیشتوانی هەولێر و دوای ساڵێک مانەوە، چوومە یانەی برایەتی و تا ئێستاش لەو یانەیە بەردەوامم.

هەر روەها گوتی: یاریزان پێویستە خواردن و خەوی چاک بکات و راهێنانەکانی بە شێوەیەکی باش بەردەوام ئەنجام بدات، هەروەها باسی سەرکەوتنی یانەکەی دەکات و دەڵێت: یانەکەمان توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لەگەڵ یانەی پێشکەوتووان، و هەر روەها توانیمان یەکەمی سەر ئاستی کوردستان بین.

سەبارەت بەپێشنکە وتنی وەرزش لە کوردستان، ئەو یاریزانەی برایەتی دەڵێت: یاریگاکان کێشەی سەرەکی پێشنەکەوتنی وەرزشن لە کوردستان، چونکە هیچ بە شێوەیەکی ستاندارد دروستنەکراون و ئەو یاریگایانە شیاوی یاریکردن نین، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا و گوتی: حکومەت سالآنی پێشوو هاوکاری زۆری دەکردین، بەاڵم لەم سالآنەی دوایی بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ئەو هاوکارییە کەمتر بووە.

سەبارەت بە پرسیارەی کێ زیاتر پشتگیری لێدەکات؟ گوتی: خانەوادەکەم و هاوڕێکانم هەمیشە پاڵپشتی سەرەکی منن، لە کۆتاییدا دەڵێت: داواکارم زیاتر گرنگی بە وەرزش بدرێت و یاریگاکان گرانکاری تێدا بکرێت و بە شێوەیەکی ستاندارد دروست بکرێن، و کەناڵی تایبەت دابنرێن لەسەر خولەکانی کوردستان و سەرجەم زانیارییەکانی سەبارەت بە وەرزشی کوردستان و یانەکانی تیا بڵاوبکرێتەوە



لە هەولێر

دەیەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی بلیتزی خانزادی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو



بە بەشداری 90 شەترەنجزانی کچ و کوڕ لە سەر ئاستی شارەکانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دراوسێ، یانەی شەترەنجی خانزاد دەیەمین پاڵەوانێتی بلیتزی حانزادی نێزدەوڵەتی لە شاری هەولێر کردەوە.

لە رێوڕەسمی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییە کە بە سیستمی سویسری 9 راوند بەکاتی (3men+2sec) بەڕێوەچوو، د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد بەناوی یانەکەوە رێزی لە د. فەرهاد عەلی گرت کە بەمدوایە ئەرکی راگرایەتی کۆلیژی پەروەردەی شەقلاوی پێسپێردرا، کە کەسێکی هاوکار بووە لەگەڵ یانەی خانزاد و هەم یاریزان و ناوبژیوانی شەترەنجیشە، هەر ئەمەش وایکرد کە کردنەوەی پاڵەوانێتییەکەی پێ بسپێردرێت.

جێی باسە پاڵەوانێتییەکە بەسەرپەرستی دیار حەمەسالح ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بوو:

*پێشکەوتووانی کوڕان:

حوسێن عەلی حوسێن پلەی یەکەم

ئەحمەد جەزا پلەی دووەم

پۆلا ئازاد پلەی سێیەم

×کچان:

ڤین کەمال پلەی یەکەم

دلین کەمال پلەی دووەم

کازیوە سەلاح پلەی سێیەم



ڤالنسیا دیاریەکی بەنرخی پێشکەشی ریال مەدرید کرد



یانەی بەرشلۆنە بۆ یەکەمین جار لەدوای 13ساڵ لە ناو یاریگای ئەلمستایا دووچاری یەکەمین شکست بوو لەسەر دەستی ڤالنسیا ، کە ئەمەش یەکەمین دۆڕانی ئەو یانەیەیە لە ژێر رابەرایەتی کیکی سیتینی راهێنەر.

بەمەش یانەی ڤالانسیا دیاریەکی بەنرخی پێشکەشی ریال مەدرید کرد، کە پێشەنگی لالیگای کەوتە مەترسییەوە و ژمارەی خالەکانی هەر لە 43خاڵ مایەوە.

جیسۆس

لە فلامینگۆوە دەچێتە مەدرید

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رایگەیاند کە بەفەرمی لەگەڵ یاریزانی لێهاتووی بەرازیلی رینێر جیسۆس کە لەیانەی فلامینگۆ یاری دەکات رێککەوتوون یاری بۆ قەاڵی سانتیاگۆ بکات.

یانەی ریال مەدرید لە راگەیەندراوێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە ئەوان لەگەڵ یانەی فلامینگۆ گەیشتوونەتە رێککەوتن کە تا ساڵی 2026 ئەو یاریزانە لاوە یاری بۆ یانەی ریال مەدرید بکات.

بڕیارە جیسۆسی تەمەن 18 ساڵ دوای کۆتایی هاتنی سەربازگە مەشقیەکەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەرازیل کە خۆی بۆ ئۆلۆمپیادی تۆکیۆی 2020 ئامادە دەکات، پەیوەندی بە تیپی دووەمی ریال مەدریدەوە بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.27. Jan. 2020 No: (5919)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




ڕێز لە نووسەر و شاعیر حەمەسەعید حەسەن نرا

دوێنێ لە مەراسیمێکدا لە هەولێر، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆشنبیر و میدیاکار، بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان 24ڕێز لە نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن نرا و لە لایەن دەستگای یەکسانی بۆ جیندەر، خەڵاتی ئەڵماسی پێ بەخشرا، لە مەراسیمەکەدا چەندین وتار خوێندرایەوە، ژمارەیەک چەپکەگوڵی وەفاداری لەلایەن دامودەزگاکانەوە پێشکەش بە نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەن کرا، لەناویاندا چەپکەگوڵی بەڕێز ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار و چەپکەگوڵی ڕۆژنامەی خەبات لەلایەن سەرنووسەر بەڕێز مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا.

بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی جیهان

لە ئەمەریکا.. زانایەکی کورد داهێنانێکی نوێ لەبیرکاری دەکات





بەهادین جەلال

تەها محەمەد محەمەد زانایەکی بیرکاریی کوردەو خەڵکی شاری کەرکووکە، نزیکەی(30) ساڵە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێیە، پێشتر لە دوانزەندی و ئامادەییەکانی کەرکووک مامۆستای بیرکاری بووە، لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەمریکا بڕوانامەو پلەی زانستی لە بواری بیرکاریدا بەدەست هێناوەو لە چەندین ناوەندی خوێندن وانەی گوتۆتەوەو بەردەوامە.

ئەم زانایە داهێنایکی دەگمەنی کردووە کە پێشتر هیچ زانایەکی بیرکاری لە جیهاندا پەی پێ نەبردووە، داهێنانەکەش بریتییە لە (سێگۆشاندنی گۆشە ئەندازە بە پرگال و ڕاستەی ناپلەبەند).. ئەم داهێنانەی لە ساڵی 2019تەواوکردووە.. لەسەر ئاستی ئەمریکاو جیهان بۆتە مایەی گرنگی و بایەخی زانایان و لەم ڕووەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆڕە زانستییەکاندا ئاماژەی پێکراوەو خەڵات کراوە، شیکارو سەلماندنی ئەم داهێنانەش لە یوتیوب بڵاوکراوەتەوە.

Taha M. Muhammad
tm50k@hotmail.com

باشترین و بە بەهاترین خەڵات بینەرە

میران شێرزاد: لەبواری فلیم هیچ پێشکەوتنێک نییە چونکە چەند ساڵ جارێک ئەگەر کارێکی فیلم یا دراما ببینرێت ئەویش بە کەم و کوڕییەوەیە




خەبات: سولێن سلێمان

ئەکتەر و شانۆکار میران شێرزاد کە لە چەندەها دراماو فیلم و شانۆدا بەژداری کردووە لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسێکی کورتی ژیانی خۆیی و ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێت:لە شاری سلێمانی لە دایکبووم ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێم ، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیم لە بەشی شانۆ ، و بەژداری چەندین شانۆگەری و ناو پەیانگا کردووە، و لە چەند فیلم و درامایکدا بەژداریم کردووە لەگەڵ چەند کارێکی ڕێکلام وەک ئەکتەر تێدا بەژدار ببوم، لە پرسیاری ئەوەی وەی کەوا چۆن دەستی بە کاری نواندن کردووە دەڵێت:

نواندن حەز و خولیایەکی منداڵیم بووە کە هەمیشە ئارەزوویەکی زۆرم بۆ نواندن هەبووە، لە ساڵی 2008 کاتێک چەند هاوڕێیەکم ناسی و چەند کارێکمان کرد وەک ئارەزوویەکی خۆمان تا ئەو کاتەی چوومە پەیمانگا و و لە وێوە زۆر هونەرمەندم ناسی و کارم لەگەڵ کردن و هەروەها بو تەواوی کە وا هاتبمە ناو ئەو بواڕە ساڵی 2012 ؟گووتیشی تا ئێستا بەژداری لە 5شانۆگەرییدا کردووە ، وەک شانۆیی (یادی هەڵەبجە و دوو جەلاد و قرنیس و شۆرشی مەردووەکان و شەرەفی شارێک) و کورتە فیلمێک بە ناوی " سەگی برسی" و چەند درامایەکیش لە وانە " سۆما و سەراب و نوێترینیشیان درامای " سەمای تەرزە " بوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو و هەروەها پر بینەرترین درامای ساڵی 2019بوو، لە پسیارێکدا کە ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی فیلم و دراما لە کوردستان پێشکەوێت؟ لە ولاّمدا دەڵێت: بەڕای من هونەرمەند ئەگەر خۆی یەکگرتوو بێت هەموو شت دەکرێت ، چ وەزارەت چ حکومەت چ گەورە بازرگانان قیمەت و بۆ هونەر دابنێن زۆر بەڕەو پێش دەچێت و، بەڵام بەداخەوە کە وا قەدری زیندووەکان ناگیرێت،ئایا کوردستان لە ڕووی بەرهەم هێنانی فیلم تا چ ڕادەیەک پێشکەوتووە؟ هیچ پێشکەوتنێک نییە چونکە چەند ساڵ جارێک ئەگەر کارێکی فیلم یا دراما ببینرێت ئەویش بە کەم و کوڕییەوەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە کوتلەکاری دەکەن و نایانەوێت کەسی تر کاریکات و تەنها بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، و تانەو تەشەری کۆمەڵگا و شکاندنمان لە لایەن هاوڕێ هونەرمەندەکانەوە لە جیاتی هاوکاری کردنی کۆمەڵگا هەر کارێک بکەی ڕووبەڕووی ڕەخنەو سوکایەتی دەبییەوە ، سەبارەت بە بەژداریکردنی خۆیی لە درامای سەمای تەرزە دەڵێت: بەشداریکردنم لە درامایە بە دە لێبڕاردن بوو و خۆشحاڵبووم لە بەژداریکردنم لەو درامایییەدا چەندین هونەرمەندی باش و بەئەزموونم ناسی کارم لەگەڵ کردن بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوبوو چونکە چەندین کەسایەتی باش کاریان تێدا کرد و بینەرێکی ئیجگار زۆری هەبوو ، بەرای من باشترین وبەهاترین خەڵات بینەرە، سەبارەت بە نوێتین کارە چالاکییەکانی وە دەڵێت: لە ئێستادا هەڵبژێردراوم بۆ درامایەکی نوێی ڕۆڵی تیادا دەگێڕم کە بەم نزیکانە دەست دەکرێت بە کاری وێنە گرتنی، و سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنم بۆ بەژداریکردنم لە فیلمێکی سینەمایی کە زۆربەی کەساییەتیە دیارەکان کاری تێدا دەکەن، لە کۆتایشدا دەڵێت: هیوادارم ڕۆژێک بتوانین هونەری فیلم و دراما بەرەو پێش بەرین تا دەگەینە ئاستی هونەری جیهان.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەمو دووشەمەیەک دەینووسێت

ناخی مرۆڤ چەند ڕەشە و
بەفریش
چەند سپی یە

***

نە ـ مەم ـ یەک
لەم کەوانەدا بوونی هەیە
نە ـ زین ـ یەک
نە ـ ڕۆمیۆ ـ یەک ماوە
نە ـ ژولێت ـ یەک
کەواتە چۆن لە عەشق دەدوێی!

***

ئەستیرەیەک
دوای بینینی
(کچێکی ڕاکشاو لەبن کەپرێکدا)
یەکسەر دارِژا

***

(ئەدیسۆن) م لەخەوندا بینی
بۆ شەوە ڕەشەکانی کوردستان
هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەڕیشت

***

من تۆبەکاری شیعرم
لەسەر دەستی ڕامبۆ
تەریقەتم وەرگرتووە

***

پێکەنینی ساختەی گەورەکان
لەبەرامبەر کافیارو
فرمێسکی تیمساح
جمکن

***

تازە
نە ئاسمان کەڵکی ئەوەی هەیە
بیکەی بالیف
نەزەویش بەدۆشەگ

فەیسبووک و ماڵپەری تایبەت بە تەکنۆلۆژیا



ماڵپەرەکانی تایبەت بە کاروباری تەکنەلۆژیا باس لەوە دەکەن، کۆمپانیای فەیسبووک دەیەوێت لە ڕێگەی زیادکردنی خزمەتگوزارییەکەوە بۆ تۆڕەکەی هەوادار و بەکارهێنەر بۆ خۆی زیاد بکات.بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی بلومبێرگ ،کۆمپانیای فەیسبووک گەشە بە خزمەتگوزاری Watch دەدات لە ئەپلێکەیشنەکەیدا، لەم خزمەتگوزارییەدا ڤیدیۆی مۆسیقی بڵاودەکاتەوە لە ئێستادا لە هیند و تایلەند بەردەست بووە.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، فەیسبووک لە هەوڵی ئەوەدایە گرێبەست لەگەڵ یونیڤێرسال میوزیک و سۆنی میوزیک و وارنەر میوزیک گروپدا بکات، کە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆسیقان.بەکارهێنەرانی فەیسبووک بۆ ئەوەی بابەتەکانیان سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت، لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییە نوێیەوە دەتوانن گۆرانیو میوزیک لەگەڵ ڤیدیۆکانیان دابنێن و دەتوانن ڕاستەوخۆ تەماشای گۆرانی و کۆنسێرتە جیهانییەکان بکەن . فەیسبووک لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییە نوێیەوە دەیەوێت تۆڕەکەی بکات بەشوێنێک بۆ گەڕانو تەماشاکردنی گۆرانی و ڤیدیۆ و کێبڕکێ لەگەڵ یوتیوبدا بکات.